حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەیزانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# ڕۆڵی واتایی گیرەك لە دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا
# (پاشگری ناوی پیشە بە نموونە)


توێژینەوەیەکە لە لایەن:
(شنیار علی حمەامین) و (پرژە صالح عبداللە)


پێشکەشە بە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی:
م. بێستوون ئەبوبەکر عەلی

ساڵی خوێندن:

(٢٧٢٠ -٢٧٢١)ی کوردی

(٢٠٢١-٢٠٢٢)ی زایینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەیزانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# ڕۆڵی واتایی گیرەك لە دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا
# (پاشگری ناوی پیشە بە نموونە)

توێژینەوەیەکە لە لایەن:
(شنیار علی حمەامین) و (پرژە صالح عبدالله)

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی:
م. بێستوون ئەبوبەکر عەلی

ساڵی خوێندن:

(٢٧٢٠ -٢٧٢١)ی کوردی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢)ی زایینی

## یاداشتی مامۆستای سەرپەرشت

من وەك مامۆستای سەرپەرشتی توێژینەوەی خوێندکاران (شنیار علی حمەامین) و (پرژە صالح عبدالله) بە ناونیشانی (ڕۆڵی واتای گیرەك لە دروستکردنی وشەی زمانی کوردیدا "پاشگری ناوی پیشە بە نموونە")، لە ئێستادا خوێندکار سەرجەم پێداویستییە زانستی و تەکنیکییەکانی تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچووی فەراهەم کردووە و توێژینەوەکەی بە بەشی زمانی کوردی و لیژنەی هەڵسەنگێنەر دەسپێرم.

واژۆ:

ناو: م. بێستون ئەبوبەکرعەلی

## یاداشتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە بە ناونیشانی: (ڕۆڵی واتای گیرەك لە دروستکردنی وشەی زمانی کوردیدا "پاشگری ناوی پیشە بە نموونە")، لەگەڵ خوێندکاران: (شنیار علی حمەامین) و (پرژە صالح عبدالله) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا: بە پلەی ( ) وەربگیرێت، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس .**

**ناوو واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:** **ناووواژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:**

**پ. ی. د. عادل ڕەشید قادر**

**سەرۆکی بەش**

**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی پەردوەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی**
**بەڵێننامەی ڕادەست کردنی توێژینەوەی دەرچوون**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی سیانی | (شنیار علی حمەامین) و (پرژە صالح عبدالله) |
| ٢ | ناونیشانی | ڕۆڵی واتایی گیرەك لە دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا (پاشگری ناوی پیشە بە نموونە) |
| ٣ | ساڵی خوێندن | ٢٠٢١-٢٠٢٢ |
| ٤ | ژمارەی تۆمار | |

خوێندکاری بەڕێز ئەو خاڵانەی خوارەوە بخوێنەرەوە و دوای ڕازی بوونت واژۆی لەسەر بکە:

١- بەڵێنمان دەدا کە بە هیچ شێوەیەک توێژینەوەکەمان بە ڕێگای ناڕەوا نەنووسیوە ئەنجاممان نەداوە لە شێوەیی خەش و دزیی و بیرۆکە و نووسین و داتاگراف و نەخشە و وێنە و ناوەڕۆک بابەتێک لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەکان وە بەبێ ئاماژە کردن بە سەرچاوەکەی.

٢- بەڵێنمان دەدا کە خۆمان خاوەنی نووسین و نووسەری توێژینەوە و پرۆژەکەمان لە هیچ کەس و ناوەند و وێبسایتێک نەم کڕیووە وەرمنەگێڕاوە.

٣- بەڵێنمان دەدا کە پێشتر لەئەم پرۆژە و توێژینەوەیە لە لایەن خۆمان و کەسانی دیکەوە پێشکەشی هیچ دەزگا و ناوەند و بڵاوکراوەیەک نەکراوە.

٤- بەڵێنمان دەدا کە بابەتەکەمان مافی کەسانی دیکەی پێوە نییە بۆ نموونە هاوبەشی بوویێت ناوی هاوبەشەکەم لابردبێت هەروەها پێشتر بۆ هیچ دەزگا و ناوەند و بۆ بەدەستهێنانی هیچ پلەیەکی زانستی نەمان نووسیوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٥- ببەڵێنمان دەدا کە پەنام نەبردۆتە بەر گزی و (قۆپییە / وەرگرتنی دەقاودەق) کۆکردنەوەی لە سەرچاوەکانەوە، هەروەها پرۆژەکە لەبەر گرتنەوە و مۆنتاژی سەرچاوەکان نییە و کاری خۆمە.

لەئەم خاڵانەی سەرەوە تێگەشتم و بەرپرسیارم بەرامبەریان لە هەر کاتێکدا بێت.

واژۆ:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

# پێشکەشە

- ☜ بەئەو کەسەی، کەمتر لەو خوایەی ڕۆحی پێبەخشیوین، زیاتر لەو ڕۆحەی خودا پێی بەخشیوین خۆشمان ئەوێیت. (دایك و باوکی میهرەبانمان) .
- ☜بە مامۆستای ئەزیز و بەوەفامان (بێستون ئەبوبەکر)، کە زۆر دڵسۆزانە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، هەمیشە بۆ من وەك خەرمانێکی پڕ لە زانیاری بووە.
- ☜بەهەموو مامۆستا و هاوڕێ خۆشەویستەکانم.
- ☜ بە هەموو ئەو فێرخوازانەی، کە ئارەزوومەندی زمانن.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینمان بۆ:

- خودای گەورە و میهرەبان.
- دایك و باوکی دڵسۆز و خەمخۆرمان، کە تا ئەم قۆناغەی خوێندنمان گەورەترین هێز و پاڵپشتمان بووە.
- خوشك و برای گەورە و دڵسۆزمان.
- مامۆستای زێدە ئەزیز و خۆشەویستمان (م. بێستون ئەبوبەکر)، کە بە ئەپەڕی دڵسۆزی و خۆبەخشی و بێ ماندووبوون سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، پێدانی ڕێنمای و زانیاریی زانستی زۆر بەسوود.
- هەموو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی، کە زمانی کوردیان لە لا خۆشەویستر کردووین، دڵسۆزانە خزمەتی زمانی کوردی دەکەن.
- سوپاس بۆ هاوڕێی ئەزیزم (ئیمان ڕزگار)، لەگەڵ کاك (سەروەت نیعمەت و سەروەر سوارە) لەسەرەتای توێژینەوەکە هاوکارمان بوون.

| هێماوکورتکراوەکان | |
|---|---|
| / | یان |
| ( ) | دەقی وەرگیراو بەدەستکارییەوە، یان  بۆ ڕونکردنەوە، زاراوە |
| (( )) | دەقی وەرگیراو وەکو خۆی |
| : | بریتیە لە |
| /  -/ | پاشگر |
| /-  / | پێشگر |
| = | یەکسانە |
| + | کۆکردنەوەی وشەکان بەیەکەوە |
| "  " | زاراوە |
| < | بۆ |
| ؛ | وتەی کۆتانە هاتوو |

| لیستی زاراوەکان | | |
|---|---|---|
| Suffix | پاشگر | ئ |
| Prefix | پێشگر | |
| Common profession | پیشەی باو | |
| Old profession | پیشەی کۆن | |
| Consept | چەمك | ب |
| Create of words | دروستکردنی وشە | پ |
| Sematic markers | سیمای واتای | ت |
| Term | زاراوە | ج |
| Polysemy | فرەواتا | چ |
| Affix | گیرەک | ح |
| Morpheme | مۆرفیم | خ |
| Profession morpheme | مۆرفێمی پیشەی | |
| Derivational morpheme | مۆرفێمی وشە داڕێژ | |
| Grammatical morpheme | مۆرفێمی وشە گۆڕ | |
| Infix | ناوگر | د |
| Sematic | واتاسازی | ر |
| Morphology | وشەسازی | |

| ناونیشانی بابەت | ژ.لاپەڕە |
| --- | --- |
| پوختە | ١ |
| پێشەکی | ٢ |
| ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە | ٢ |
| ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە | ٢ |
| ٣/٠) گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٤/٠) سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | ٣ |
| ٦/٠) گرفتی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٧/٠) بەشەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| بەشی یەکەم: وشەسازی لە ڕوانگەی زانستی زمانیەوە. | ٥-٣٠ |
| ١) زاراوەی وشەسازی لەڕوانگەی شارەزایانەوە | ٧-٨ |
| ١/١) ناساندی وشەسازیی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە | ٨-١١ |
| ١/١-٢) دابەشبوونی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە | ١١-١٢ |
| ١/١-٢-١) وشەسازیی گەردانکردن | ١٢-١٣ |
| ١/١-٢-٢) وشەسازیی داڕشتن | ١٣-١٤ |
| ١/١-٣) جۆرەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زمانەوە | ١٤ |

| | |
|---|---|
| ١/١-٣-١) وشەسازیی فێرکردن | ١٤ |
| ١/١-٣-٢) وشەسازیی مێژوویی | ١٥ |
| ١/١-٣-٣) وشەسازیی بەراوردیی | ١٥ |
| ١/١-٤) پوختەی ئەرکەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە | ١٦-١٥ |
| ١/١-٥) بەهای وشە لە چوارچێوەی وشەسازییدا | ١٨-١٧ |
| ١/١-٥-١) تایبەتمەندییەکانی وشە | ٢٠-١٨ |
| ١/٢) کۆباسێك دەربارەی مێژووی مۆرفیم | ٢١-٢٠ |
| ١/٢-١) دیاردەی مۆرفیم لە چوارچێوەی وشەسازییدا | ٢٢-٢١ |
| ١/٢-٢) تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم لە ڕوانگەی وشەسازییەوە | ٢٤-٢٢ |
| ١/٢-٣) ڕێگەکانی پۆلێنکردنی مۆرفیم | ٢٥-٢٤ |
| ١/٢-٣-١) مۆرفیمی سەربەخۆ | ٢٦-٢٥ |
| ١/٢-٣-٢) مۆرفیمیی بەند | ٢٧-٢٦ |
| ١/٢-٣-٢-١) مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی | ٢٩-٢٨ |
| ١/٢-٣-٢-٢) مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ | ٢٩ |
| بەشی دووەم: واتای گیرەك لە گۆشە نیگای جیاوازەوە | ٥٦-٣١ |
| ٢) واتا لە گۆشەنیگای زانستەوە | ٣٣ |
| ٢/١) دیاردەی فرەواتایی لە چێوەی واتاسازییدا | ٣٥-٣٤ |
| ٢/١-١) چەمکی گیرەك لە زانستی زماندا | ٣٦-٣٥ |
| ٢/١-٢) گرنگترین جۆری مۆرفیمە بەندەکانیش بەپێی شوێنیان بریتیین لە | ٣٦ |
| ٢/١-٢-١) پێشگر | ٣٨-٣٦ |
| ٢/١-٢-٢) ناوگر | ٣٨ |
| ٢/١-٢-٣) پاشگر | ٣٩-٣٨ |
| ٢/١ - ٣ ) پاشگرەکانی بواری پیشە لە زمانی کوردییدا | ٤٠-٣٩ |
| ٢/١ -٤)  پیشە کۆنەکانی زمانی کوردییدا | ٤٢-٤٠ |
| ٢/٢-١) پیشە باوەکانی نێو زمانی کوردیی | ٤٣ -٤٢ |
| ٢/٢-١-١) ڕۆڵی پاشگری /- چی/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٤٤-٤٣ |
| ٢/٢-١-٢) ڕ ۆڵی پاشگری /- ەوان/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٤٦-٤٥ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-١-٣) ڕۆڵی پاشگری /ـ ساز/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا. | ٤٦ـ٤٨ |
| ٢/٢-١-٤) ڕۆڵی پاشگری /ـ گەر/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٤٨ـ٥٠ |
| ٢/٢-١-٥) ڕۆڵی پاشگری /ـ دار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٥٠ـ٥١ |
| ٢/٢-١-٦) ڕۆڵی پاشگری /ـ یار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٥١ـ٥٣ |
| ٢/٢-١-٧) ڕۆڵی پاشگری /ـ تاش/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا | ٥٣ |
| ٢/٢-٢) پیشە نوێیەکان لە زمانی کوردییدا | ٥٤ـ٥٥ |
| ئەنجام | ٥٧ـ٥٨ |
| سەرچاوە | ٥٩ـ٦١ |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی (ڕۆڵی واتای گیرەك لە دروستكردنی وشەی زمانی کوردیدا (پاشگری ناوی پیشە بەنمونەوە)) بۆ تەرخانكراوە، یەكێكە لە بابەتە گرینگەكانی بواری وشەسازی و بە لقێك لە لقەكانی زانستی زمان دادەنرێت. ئاماژە بە چۆنییەتی دروستبوونی وشە لە ڕێگەی گیرەكانەوە دەكات، بە تایبەتیی ئەوانەی بۆ پیشە بەكاردێن.

توێژینەوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم زیاتر تیۆرییە و چاوخشاندنەوەیە بە ئەو كارانەی لە ڕابردوودا لەسەر ئەو بابەتە كراون. پاشان باسمان لە وشەسازی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەڕوانگەی زانستی زمان كردووە، لەكۆتایی ئەم بەشەشدا جەختمان لە سەر فۆرفێم و تایبەتمەندییەكانی كردوەتەوە. ئەوەی گرنگی تایبەتی هەبێت لەئەم بەشەدا ئەوەیە مۆرفێمی ڕێزمانیی و مۆرفێمی فەرهەنگیی بە خاڵ جیاوازییەكانیان خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم، ئەم بەشە زیاتر بابەتەكانی پراكتیكین و نموونەیە بۆ بابەتەكەمان هێناوەتەوە. لە سەرەتادا باسمان لە واتا و واتاسازی كردووە. دواتر لە ڕێگەی گیرەكەكانی (پێشگر و پاشگر) ئاماژەمان بە دروستكردنی وشە كردووە.

لە كۆتایشدا بە كۆمەڵێك ئەنجامی زانستی گەیشتووین یەكێك لە ئەنجامەكان بریتییە لە گیرەكەكان، فرەواتان دەچنە سەرمۆرفێمکی سەربەخۆ لە پۆلی جیاواز لە ناویی پیشە دروستدەكەن.

## پێشەکی

زمان لەگەڵ گۆڕان و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵدا دەجولێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وێڕای ئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵ و ئاخێوەرانیی، لە ڕێگەی وشەکانی زمانەوە زمانحاڵی گۆڕانەکانە، لە بوار و مەودا جیاوازەکانی ژیان و ژیانی نەتەوە جیاوازەکاندا، هەربۆیە ئاخێوەرەکانی زمان بۆ هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانەکان و خستنەڕووی پێداویستیەکان لە ڕێگەی زمان و وشە زمانییەکانەوە، هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەرکردنی وشەی پێویست بۆ دەربڕینی ئەو بیر و گۆڕانە نوێیانە. وشەسازی لق و بەشێکی گرنگ و پڕبایەخ و بابەتەنوێ و گەشەپێکراوی زمانە دادەنرێت. ئەم بەشە زانستیە لە بەشێکە ئەکتیڤەکەی زمان دەکۆڵێتەوە و دەخولێتەوە. ئەم بەشە لە سووڕی ڕیزبەندی و کەوتنە پالی یەکی مۆرفیمەکان و جێگربون و دەستنیشانکردن و ئەرکیان، هاوکات ئەم ڕێسا و ڕێچکەیەی کە وشە لەڕووی پێکهاتەی ناوەوە و ڕووکاری دەرەوەی دەکۆڵێتەوە.

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم نامەیە ناونیشانی (ڕۆڵی واتایی گیرەك لە دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا (پاشگری ناوی پیشەی بە نمونە)ەوە بۆ تەرخانکراوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دیارترین پەیوەندیە واتایەکانی گیرەك دەستنیشانبکرێت، کە لەچوارچێوەی مۆرفێمە پیشەیەکان زمانی کوردیی بە دیدەکرێت، هاوکات یەکێکە لە ناونیشانەی تایبەتانەی کە لەڕوانگەی واتاسازیەوە کە کەم کاری لەسەرکراوە.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ئازەزووی و خولیای خۆمان بۆ بابەتی وشەسازی هۆکارێکی سەرەکی بوو هەڵبژاردنی بابەتەکە، لە دواتریش توێژینەوە لەسەر پیشەکان تایبەت تر لەسەر پاشگر کەمبوو، بە پێویستمان زانی ئەم لایەنەی زمان بخەینەڕوو، لە هەموو کاتدا پیشە کۆنەکانیش خراونەتەڕوو بۆ ئەوەی ئاشنا بین پێیان و بزانین باوباپیرانمان چ جۆرێك پیشەیان بەکارهێناووە، هاوکات پێشنیازی سەرپەرشتمان بۆ ناونیشانەکە یەکلایکەرەوە بووە.

**٣/٠) گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە**

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە، کەمتر کاریان لەسەر کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانە، گرنگییەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە جیاوازی نێوان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی و مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ خراوەتەڕوو. هاوکات ئەو پەیوەندییە واتایانەی لە چوارچێوەی ئەم مۆرفێمە بەندانەدا هەن دەستنیشانکراون.

**٤/٠) سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکەمان بە زمانی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دایە، سوود لە ئەزموونی کەسانی سەلماندوو وەرگیراوە بە تایبەت بۆ پیشە کۆنەکان. پیشەکانی تریشمان لە سەرچاوە زانستییەکاندا دەست خستووە، لە هەمان کاتدا سوودمان لە تەکنەلۆجیاش وەرگرتووە بۆ پیشە نوێیەکانی نێو زمانی کوردی.

**٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:**

لە ئەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە، واتە پیشاندان و خستنەڕووی مۆرفێمە پیشەیەکان لە زمانی کوردیدا بە کار دەهێنرێن.

**٦/٠) گرفتی توێژینەوەکە**

بەشێك لە پیشە کۆنەکان کە لە ئێستادا نەمابوون نەمان توانیووە لە سەرچاوەکاندا دەستیان بخەین، بەڵکو لە ڕێگای کەسانی سەلماندووی زمانەوانان توانیمان بەشێکیان دیاری بکەین. گرفتێکی ترمان پیشەی زۆر هەبوو لە ناو زمانەکەماندا هەڵبژاردنی بەشێك لەو پیشانە بۆ ئەوەی بە شێوەی ورد کاری لەسەر بکەین ئاسان نەبوو بۆمان، بە پێی گرنگی و بەکارهێنانیان لە ژیانی ئێستادا بەشێکیانمان هەڵبژاردووە کارمان لەسەری کردووە.

### ٧/٠) بەشەکانی  توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، لە ئەم دوو بەشە پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (وشەسازی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە)، چەند باسێکی تیۆری کە بارەی چەمکی وشەسازی و تیۆری وشەسازی و ڕێگای پۆلێنکردن و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو. هەروەها باسکردنی لە وشە و تایبەتمەندیەکەی کە لە زمانی کوردیدا ئاماژەیی پێکراوە، لەگەڵ باسکردن لە مۆرفێم و ڕێگای پۆلێنکردنیان، دواتر جیاوازی لقەکانی مۆرفێمی بەندی لە ئەم بوارە خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم: لە ژێر ناونیشانی (واتای گیرەك  لە گۆشەنیگای جیاوازەوە)، بەچەند باسێکی کورت بەشێوەیەکی تیۆری باسی واتاسازی و گیرەك کردووە، دواتر بە بۆ ئەو گیرەکانە تەرخانکراوە، هاوکات لە ئەم بەشەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باس لە ڕۆڵی واتای گیرەك لە ناوی پیشەی دەکەین. بەشێك لە ئەو گیرەکانەی چەمکێکی پیشەی دەگەیەنن باسکراون، لەگەڵئەوەشدا لەسەرەتا باسیی پیشە کۆنەکانی زمانی کراوە، ڕۆڵی واتاکەیان  خراونەتەڕوو، دواتریش پیشە باوەکانی نێو گۆمەڵگا لەڕووی  توانای هەریەك لە پاشگرەکان لە سەر بنەمای داتا خراونەتەڕوو، لە کۆتایی بەشەکەشدا باس لە پیش نوێکانی دەکەین.

# بەشی یەکەم:
# وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

## بەشی یەکەم:  وشەسازی لە ڕوانگەی زانستی زمانیەوە

- ١) زاراوەی وشەسازی لەڕوانگەی شارەزایانەوە
- ١/١) ناساندی وشەسازیی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە
- ١/١-٢) دابەشبوونی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە
- ١/١-٢-١) وشەسازیی گەردانکردن
- ١/١-٢-٢) وشەسازیی داڕشتن
- ١/١-٣) جۆرەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زمانەوە
- ١/١-٣-١) وشەسازیی فێرکردن
- ١/١-٣-٢) وشەسازیی مێژوویی
- ١/١-٣-٣) وشەسازیی بەراوردیی
- ١/١-٤) پوختەی ئەرکەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە
- ١/١-٥) بەهای وشە لە چوارچێوەی وشەسازییدا
- ١/١-٥-١) تایبەتمەندییەکانی وشە
- ١/٢) کۆباسێك دەربارەی مێژووی مۆرفێم
- ١/٢-١) دیاردەی مۆرفێم لە چوارچێوەی وشەسازییدا
- ١/٢-٢) تایبەتمەندییەکانی مۆرفێم لە ڕوانگەی وشەسازییەوە
- ١/٢-٣) ڕێگەکانی پۆلێنکردنی مۆرفێم
- ١/٢-٣-١) مۆرفێمی سەربەخۆ
- ١/٢-٣-٢) مۆرفێمیی بەند
- ١/٢-٣-٢-١) مۆرفێمی بەندی ڕیزمانیی
- ١/٢-٣-٢-٢) مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ

### چەند هێڵکارییەك و خشتەیەکیش بوونیان هەیە بریتین لە:

- هێڵکاریی ژمارە((١)) پۆلێنکردنی وشەسازیی
- هێڵکاریی ژمارە ((٢))دا پۆلێنکردنی مۆرفێم

١: خشتە ژمارە((١)) جیاوازیی مۆرفێمی گەردانیی و مۆرفێمی داڕشتن

### ١) زاراوەی وشەسازیی لە ڕوانگەی شارەزایانەوە

زاراوە ئەو وشەیە بۆ واتا و چەمك و مەبەستێك دادەنرێت، لە فەرهەنگی گشتیی زمانەکە وەردەگیرێن و بۆ چەمکێك لە بوارە جیاجیاکانی زانستیی و ڕۆشنبیریی و هونەرییدا بەکاردەهێنرێت، هۆیەکە بۆ یەکخستنی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان یەکدەخات، وەکو (پەیکەرسازیی، ئەندازیاریی، وشەسازیی و ...تاد).

لە زمانی هەر نەتەوەیەکدا، زاراوەی زانستیی بە بەردی بناغەی ئەو زمانە دادەنرێت، ئێستا جیهان پەرەسەندنێکی گەورەی لە گشت بوارەکانی زانست و بیر و هزری مرۆڤ بە خۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا چەندیین کەرەستە لە دونیای دەرەوەی زمان دروستبووە، هەتا ژیانییش بەرەو پێشتر بڕوات، واتاکان بێسنوورتر دەبن، بە ڕادەیەك 'وشە'کانی زمان بەشیانناکات؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژییش بە دەیان و سەدان زاراوەی نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا دێنەئاراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دانانی زاراوەکان کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، هەتا ئامادەبکرێن. لەبەرئەوەی زاراوە وشەی فەرهەنگیی سەر زمانی خەڵکی نییە و کۆڕێك لە پسپۆڕ و شارەزای تایبەت بە زانستێك سازیدەکەن؛ بە مەرجێك لەسەری ڕێکبکەون، کە هیچ جۆرە شێواویی و ئاڵۆزییەك لە بیری خوێنەر و گوێگر دروستنەکات. هەر زاراوەیەکییش بۆ زانستی  زمانێك زیاددەکرێت، مەبەست لێی ئەو دیاردەیەی زمانە، کە بە شێوەیەکی زانستیی باسکراوە و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

لە زمانی کوردییدا دانانی زاراوەی زانستیی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە و تەمەنی خۆی لە سەدەیەك کەمتر دەبینێتەوە. زانایان لە بواری زانستە جیاوازەکاندا هەستیان بەوە کردووە، کە دانانی زاراوە بۆ زمان ئەرکێکی نەتەوەییە و هەوڵدەدەن زمانەکەیان شانبەشانی نەتەوە پێشکەوتووەکان بێت. ئەمەش هەوڵی تاکەکەسیی بێت، یان کۆڕێکی زمانەوانی. لە بواری زمانیشدا زمانزانەکان هەستیان بە کەموکورتیی لە ئاستەکانی زماندا کرووە. لەسەرەتا و لە لایەن خەمخۆران و پسپۆرانی زمان کوردییەوە لە سەرئەنجامی توێژینەوەکانیاندا توانییان زاراوەی (وشەسازیی) دابنێن. لە ئەم سەردەمەی

ئێستا و لەلایەن پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە بە وردی لە لایەن چەندین توێژەرەوە باسی (وشەسازی)، بەشێوەیەکی زانستییانە کراوە، بە زاراوەیەکی بەهادار و چالاك لە بواری زانستی زماندا دادەندرێت. هاوکات یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی زمانەوانانی کوردە، سەبارەت بە زاراوەی "وشەسازی"یش، چەند تێڕوانینێکی جیاواز دەربارەی دروستبوونی هەیە، لێرەدا سێ دەربڕینی جیاواز دەربارەی دەخەینەڕوو:
یەکەم: (ڕەفیق شوانی) لە بارەی زاراوەکەوە دەڵێت: (وشە + ساز (ڕەگی کرداری سازان) + ی پاشگر < وشەسازیی). (شوانی، ڕەفیق، ٢٠١١: ٢١).
دووەم: (حاتەم ولیا) لەبارەی دروستبوونیەوە دەڵێت: (وشە + سازی < وشەسازیی)، (محمد، حاتم ولیا، ٢٠٢١).
سێیەم: (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم) بەم شیوەیە زاراوەکەی خستووەتەڕوو: (وشە + ساز (ڕەگی کرداری سازکردن) + ی پاشگر)، (عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم، ٢٠٢١/١١/١٢).
وەك لە بۆچوونەکانی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە لە وشەسازییان ڕوانیووە. بەڵام دەتوانین بیسەلمێنین لە ڕووی وشەسازییەوە وادەردەکەوێت، کە بەم شێوەیە درو٠ ستبووبێت: (وشە+ ساز (ڕەگی کرداری سازکردن)+ ی)، واتای ڕێکخستن وسازکردنی وشە دەگەیەنێت. هاوکات دەربڕاوی (وشە) سادەیە و (ساز) چووتە سەری و مەبەستی سازکردنی وشەکەیە، بۆ هەر بارودۆخێك کە کۆمەڵ ڕۆڵی تێدا ببینێت، وشەی نوێ دروستدەبێت.

## ١/١) ناساندی وشەسازیی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە

وشە، شێوە و فۆڕمی جیاوازی هەیە و لە ڕووی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی هەڵگری واتایە و گرنگی زۆری لە چوارچێوەی فەلسەفەی زمان و زانستە جیاوازەکاندا هەیە، تەنانەت لە ئاینە جیاوازەکاندا بەهای خۆی هەیە. وشەکانییش لە ڕێگەی گۆکردن و نوسین، یان ئاماژەوە دەردەبڕدرێن. لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە بەشداریی لە دروستەی ڕستە و ئاخاوتندا دەکەن، بە

شێوەیەك هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی دەدرێت هەتا زمانەکە پێشبکەوێت.

لێرەدا زانستێك سەرهەڵدەدات، ئەرکی ڕێکخستنی وشەکان و دروستکردنیانە، زاراوەی وشەسازیی واتای وایە ئەو بەشانەی وشەکە وەکو یەکەیەکی واتایی سازدەکەن و واتایەکی نوێ پێکدەهێنن، لە گشتییەوە بەرەو تایبەتیی دەبەن. کاتێك ئێمەی مرۆڤ شاهیدی ئەو هەموو گۆڕانە خێرایەی نێو کایە جیاوازەکانی ژیانین، لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت جاری وایە مرۆڤ لە توانستیدا نییە چ لە ڕووی کاتەوە، چ لە ڕووی ماددی و ئابوورییەوە بێت دەستی بە هەموو ئەم گۆڕانانە ڕابگات. بۆیە ناچار دەبێت جۆرێك لە دواکەوتنی پێوە دیاربێت. بێگومان مرۆڤ بە سروشت وایە، کە حەزو و ئارەزووی لە نوێبوونەوەو گۆڕانکارییە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانییدا و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو هەوڵ و تێکۆشان لە پێناوی گۆڕان و گۆڕانکارییدا جێدەستی دیاربێت و نەخشی ژیانی داهاتووی بە شێوازێکی باشتر بکێشێت و خۆی لە هەموو ئەو بارو سترێسانە ڕزگار بکات.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێباز و میتۆد و قوتابخانانەی کە لەئەم بوارەیان توێژینەوە، لە نێوانیشیاندا زمانزانانی کوردیش تێڕوانینی جیاوازیان دەربڕووە، لێرەدا ئاماژە بە گونجاوترین ناساندنەکان دەکەین، لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە کە بۆ ئەم زانستە کراوە:

هەر وەك زانایەکی کورد دەڵێت: ((زاراوەی (مۆرفۆلۆژیی)، کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە لە (شێوە، فۆڕم) و (زانست، لێکۆلینەوە) پێکهاتووە. بەم جۆرە مۆرفۆلۆژیی بریتییە لە لێکۆلینەوە لەبارەی وشەوە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە.)). (مارف، ئەوڕەحمانی حاجی، ٢٠١٤: ٣١٨)، ئاشکرایە زاراوەکە بۆ زمانی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، بەپێی تێڕوانین و پێناسەی ئەم زمانەوانە، وشەسازیی شیکردنەوەی ڕووی دەرەوە و ناوەوەی وشەی کردووە، هاوکات لە ڕووی ئەو ڕۆنان و گۆڕانکارییانە کە بەسەر وشەکدا هاتووە دەخانەڕوو.

یەکێك لە دەربڕینەکان سنوورێکی فراوانتر دەگرێتە خۆی و لەگەڵ کەرەستەیەکی تری زماندا یەکدەگرن. ((مۆرفۆلۆژیی، ئەو زانستەیە کە لە

مۆرفێمی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی قەوارە و جۆر و واتایەوە)). (هەورامی، محمد ئەمین، ١٩٧٣: ٢٣). لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: ئەو زانستەیە کە بڕیار لەسەر پارچە زیادەکان دەدات، کە دەخرێتە سەر وشەکە و ناوێکی زانستیی (مۆرفێم)ی پێبەخشراوە و ڕۆڵی سەرەکیی لە دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا دەبینێت، هاوکات ناوێکی کوردیی وەکو (پێشگر و ناوگر و پاشگر) پێبەخشراوە، ئەمەیش چالاکیی زمانەوانانی کورد دەردەخات.

زمانناسێکی کورد لە تێڕوانینێکی ترەوە ((وشەناسیی بریتییە لە توێژینەوە لەبارەی پەیوەندیی یاسامەندیی نێوان بیچم و واتای وشەکان)) (کەرەمی، سەعید، ٢٠١٧: ٣). لێرەدا زمانناس دەڵێت: توێژینەوەیەکە کە وشەکە و وێنەکەی پێکەوە بەستراون. مەبەست لە یاسا ڕێکخراوە و ئەوەیە هەموو کۆمەڵگەیەك یاسای خۆی لە ڕێکخستنی وشەکاندا هەیە. واتای نوێ بەپێی تیبەتمەندییەکانی زمانەکە دەبەخشن، کە لە بنەرەتدا هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی واتاییان پێکەوە نییە.

هەر وەك زمانەوانیی کورد (پاکیزە ڕەفیق حلمی)، لەگەڵ هەندێك لە پسپۆڕانی تر، بڕوایان بە تێکەڵیی ئەم ئاستە هەیە و گوتویانە: ((وشەسازیی، لە هەڵکەوتنی وشە سادەکاندا داڕشتنی وشەی تازە و کێش و سەنگی وشە و تەرازووی کێشەکان)) (حلمی، پاکیزە ڕەفیق، ١٩٧٥: ١٤٩). تێڕوانینی جیاواز دەربارەی دروستبوونی وشەسازیی هەیە، کە وشە سەرەتاکان کە (بڕگە کورتن)، بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵگە بڕیاری لەسەر دراوە، هۆی زیادبوونی بڕگەکان وشەی نوێ دروستدەبێت، یان گۆڕینی دەنگە بزوینەکان کە واتایەکی نوێ بە فەرهەنگ دەبەخشن.

لەتەك ئەمەیشدا گونجاوترین و شیاوترین ناساندنەکان کە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا بگونجێت ئەوەیە: ((وشەسازیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی ناوەوەی و فۆڕمی وشەکاندا دەکات)) (محمد، حاتەم ولیا، ٢٠١٩: ٧).هەروەك چۆن وتراوە، لێکۆڵینەوە لەو وشانەی کە ڕۆنانێکی ئاڵۆزی هەبێت کە کەرتبکریت بۆ دانەی وردتر بە مەرجێك ڕۆنانێکی ڕێزمانیی تێکنەچێت. لەبەرئەوەی وشە

بنەمای زمانە، وشەسازییش لە بنەمای زمانەکە دەکۆڵێتەوە بە مەرجێك لە پێکهاتەی ناوەوە وشەکە بێت.

لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: وشەسازیی، لقێکی گرنگی زانستی زمانی تیۆرییە و خەریکی لێکۆڵینەوە لە ڕووکارە جیاوازەکانی وشە، لە ڕووی (واتا، پێکهاتە و ...هتد). واتە ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتەی ناوەکیی وشەکان و ئەو یاسایانەی کە وشەکانی لێدروستبوون دەکۆڵێتەوە. مەبەستمان لە ئەوەیە ئەو ڕاستییە بسەلمێنین و خاسیەت و تایبەتمەندیی و یاسا و ڕێکخراوانەیش دەستنیشانبکەین.

### ١/١-٢) دابەشبوونی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

لە ئەم سەردەمەی ئێستا و لایەن پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە بە وردی لە لایەن چەندین توێژەرەوە باسی (وشەسازی)، بەشێوەیەکی زانستیانە کراوە، لێرەدا بە کورتیی لە بەر چێوەی توێژینەوەکە، باس لە هەندێك لە ئەو بیروڕایانە دەکەین. ئاشکرایە (وشەسازی) لە لای هەندێکیان چەمکی ڕێزمانیی و فەرهەنگیی دەگەیەنن. لەم پۆلێنکردنەی وشەسازییدا لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

((هێڵکاریی ژمارە((١)) پۆلێنکردنی وشەسازیی))




وەکو لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو، وشەسازیی بۆ دوو بەش جیاکراوەتەوە، جۆری یەکەم گەردانکردنە و جۆری دووەم داڕشتنە. وشەیەکی

نوێیش بۆ زمانی کوردیی زیادبکەین دەتوانین لە ئەم ڕێگانەوە زیادیبکەین، یان بە ڕێگەی تر. هێڵکارییەکەیش زیاتر بەرچاو ڕوونیی لەسەر چۆنێتیی وشە دروستکردنی لە زمانی کوردییدا خستوەتەڕوو، کەواتە دەتوانین بڵێین: وشەسازیی لە ئەم دوو ڕێگەوە وشە دروستدەکات و شیکردنەوە بۆ وشەکانی زمانی کوردییش دەکات.

**١-٢-١/١) وشەسازیی گەردانکردن**

ئەم پۆلەی وشەسازیی، کە لە زماندا چەمکێکی ڕێزمانیی دەردەبڕن و حاڵەتی سینتاکسیی وشە و فرێز و ڕستەکان دەگۆڕن، واتە فۆڕمێکی نوێ بە حاڵەتێکی نوێی ڕێزمانیی دەهێننەئاراوە. هاوکات پەیوەستە بە توانای مرۆڤە بەسەر یاساکانی زمانەکەدا بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێ و لەگەڵ ئەمەیشدا (کات، توخم، ژمارە، دۆخ و ...تاد) دیاریدەکەن.

توێژەرێك بۆمان ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: (گەردانکردن، لەگەڵ هەندێك وشە مامەڵە دەکەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەرکی ڕێزمانییەوە هەیە.) (سەعید، یوسف شەریف، ٢٠١٣: ٧). لە ئەمەوە دەتوانین بڵێنن، مامەڵە لەگەڵ وشە ئەرکییەکان هەیە. هاوکات زۆرێك لە زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، ئەم پۆلەی وشەسازیی لەپێناو پێویستیی لقێکی تری زمان پەیدابووە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، لە ناو دروستەی ڕستەسازییدا ڕۆڵی ڕێزمانیی جیاواز دەبین. توێژەرێکی زمانیش زۆر بە وردی باسی گەردانکردن دەکات و دەنوسێت: ((لە ئەنجامی پێویستییەکی سینتاکسییەوە دێنەئاراوە.)) (مەحویی، محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٨). بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ناو دروستەی ڕستەسازییدا ڕۆڵی ڕێزمانیی جیاواز دەبین. چالاکییەکی تری شارەزایانی کورد لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە، دەستنیشانکردنی سیمای وشەسازیی گەردانکردن بوو، (لەگەڵ مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان بەندداً یەکدەگرن، ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانت وەك دۆخی ڕێزمانیی، ڕووکار، ڕێژە، کەس و ژمارە، بکەر دیاریی و بکەرنادیاریی دەستنیشان دەکەن.) (عەزیز، ئاریان صدیق، ٢٠٢١/١١/٢٧). وەك دەبینرێت، مۆرفیمێکان (توخم و ژمارە و ...تاد) دیاریدەکەن. لەم نموونەدا ئەم حاڵەتەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە:

**١ - قوتابیی**

**أ. قوتابیی +/- ەكە/ = قوتابییەكە**

**ب. قوتابیی + /- ان/ = قوتابییان**

**ت. قوتابیی + /- ەك/ = قوتابییەك**

**لەڕوانگەی ئەم زانیاریانەوە لە سەرەوە، كە لە نموونەكانی(١) (أ، ب، ت)دا خرایەڕوو، بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێت، كە تەنها شێوە جۆراوجۆرەكانی خودی وشەكە پیشاندەدەن، واتە ئەو ئەركە ڕێزمانییەی پێبەخشراوە، واتایەكی زیادەیشی خستۆتە سەر وشەكە، قوتابی گشتییە و قوتابیەكە تاكێكی ناسراوە گۆڕاووە.**

**١/١-٢-٢) وشەسازیی داڕشتن**

**ئەم پۆلەی وشەسازیی، بریتییە لە بەخشینی چەمێكی فەرهەنگیی بە وشەكان و ڕۆنان و دروستكردنی وشەی نوێ و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەندەكەن، دەروازەیەكی واتایی نوێ بۆ فەرهەنگ دەكرێتەوە.**

**پسپۆڕێكی زانستی زیاتر بۆمان ڕووندەكاتەوە و دەڵێت: ((داڕشتن، لەگەڵ ئەو دەستە ڕێزمانییانە مامەڵە دەكات كە ئەركی ڕێزمانییان نییە، بەڵكو لێكۆڵینەوە خودی وشەیە و ڕۆنانی وشەكە دەستنیشاندەكات.)** (سەعید، یوسف شەریف ٢٠١٢: ٧). **لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، هەندێك كات پۆلی ئاخاوتن دەگۆڕێت. توێژەرێك بۆمان ڕووندەكاتەوەو دەڵێت: (داڕشتن، بایەخ بە لێكۆڵینەوەی وشە و وەرگرتنیان دەدات، بەبێ ئەوەی بڕوانێتە ئەركی وشەكان لە پێكهاتنی ڕستەدا)** (شوانی، ڕەفیق ٢٠١١: ٢٢). **بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین، ئەوەندە گرنگی بە واتای وشەكە دەدات، ئەركەكانی فەرامۆشدەكرێت.**

**(عوسمان كەریم عبدولرحیم)یش، باسی ئاستەكانی وشەسازی دەكات. دەڵێت: (داڕشتن، بریتیین لەو مۆرفێمانەی، كە وشەیەكی نوێ بە واتایەكی نوێ بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان بەرهەمدێنت.)** (عەبدولڕەحیم، عوسمان كەریم، ١٢/ ١١ / ٢٠٢١). **چەندیین وشە جیاواز دەبینین، كە بەم ڕێگەیە سازدەكرێن، چەمكێكی نوێ دەبەخشن. وەكو لەئەم شێوەیەدا خراوەتەڕوو: پاشگری/- ساز/:**

**كە بە واتای نوێگەریی، دروستکردن و... تاد، کە بە پڕاوپڕیی چەمکی پیشە بەدەستەوە دەدات، زاراوەی نوێی بە واتای جیاجیاوە پێ سازدەکرێن.**

**٢ - کلیل+ /- ساز/= کلیلساز**

**أ. کلیل: لە بنەڕەتدا واتایەکی بنەڕەتیی خۆی هەیە، ئامڕازێکە بۆ کردنەوەی دەرگا، کارکردنی ئۆتۆمبێل و... تاد بەکاردێت.**

**ب. کلیلساز: کاتێك پاشگری /- ساز/ دەچێتە سەر وشەی کلیل، واتا بنەڕەتییەکەی دەگۆڕێت، لێرەدا واتاکەی گۆڕاوە بۆ پیشە، چونکە کلیلساز ئەو کەسەیە کە پیشەی کلیلە دروستکردن.**

**لەڕوانگەی ئەم زانیاریانەوە لەسەرەوە، کە لە نموونەی (٢)دا خرایەڕوو، بە بەڵگەوە و دەیسەلمێنێت، کە وشەیەك بە واتایەکی نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەرهەمدێت. واتایەکی زیادەیشی خستۆتە سەر وشەکە، لە ناوێکی تایبەتەوە بۆ پیشەیەکی باوی ناو کۆمەل گۆڕیوە.**

## ١/١-٣) جۆرەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زمانەوە

**کاتێك لە زمانی کوردییدا سەرنجی زاراوەی (وشەسازیی) دەدەین، لە سێ پارچە پێکهاتووە، (وشە، ساز (ڕەگی کرداری سازکردن)، ی) ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە شیکردنەوەی زانستیی هەیە. شیکردنەوەیشی لە زانستدا بۆ کراوە و بۆ چەندیین جۆر دابەشکراووە. شارەزایەکی زانستی زمان لەم بارەیەوە دەڵێت: کە سێ جۆری وشەسازی هەیە.** (طیب، شهاب ٢٠١٤: ٦٠)

### ١/١-٣-١) وشەسازیی فێرکردن

**وشەسازیی فێرکردن، یان زانستی بنیاتی فێرکردن ئەو جۆرەیە کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە. واتە کەرەستەی ئەو زمانە کۆدەکرێنەوە و ڕێکدەخرێن، بۆ ئەوەی بە ئاسانیی کەسانی تر فێری نوسین و ئاخاوتنی ئەو زمانە دیکەبن.**

**١/٦-٣-٢) وشەسازیی مێژوویی**

وشەسازیی مێژوویی، یان زانستی بنیاتی مێژوویی ئەو جۆرەیە کە لە ڕێزمانی هەر زمانێك بێت، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی دەکۆڵێتەوە. هەروەها مێژووی پێشکەوتن و گەشەکردنی وشە هۆکارەکانی دیاریدەکات. ئەم لێکۆڵینەوە لە کۆنترین مێژووەوە هەتا دەگاتە ئێستا دەستپێدەکات. واتە ئەو وشەیە چی گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە، کە بەهۆی گاریگەریی دەوڵەتانی دراوسێی و بوونی ئاینی جیاواز و گەشەکردنی بواری بازرگانیی ئەم گۆڕانکارییانە بە ئاسانیی ڕوینەداوە، بەڵکو هەزاران ساڵی پێویستبووە، ئەو یاسایانە کە بوونەتە هۆی گۆڕانی ئەو وشەیە دیاریدەکات.

**١/٦-٣-٣) وشەسازیی بەراوردیی**

وشەسازیی بەراوردیی، یان زانستی بنیاتی بەراورد ئەو جۆرە وشەسازییە لە ڕێزمانی دوو زاری سەر بە زمانێك، یان بەراوردی نێوان دوو زمان کە سەر بە یەك خێزانی زمانن بەراوردیدەکەن. ئەم بەراوردکردنە لە ڕووی گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتن و مان و نەمانی وشەکە دەکرێن.

**١/٦-٤) پوختەی ئەرکەکانی وشەسازیی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە**

هەر زانستیك کە دەخوێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، دەبێت تایبەتمەندیی و ئەرکی تایبەت بە خۆی هەبێت، وشەسازیی لە زمانی کوردییدا زەمینەیەکی لەبارە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی، لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵێك پسپۆڕ چەندیین ئەرکیان دەستنیشانکردووە، گرنگی زانستەکەیان خستووەتەڕوو:

یەکەم: وریا عومەر ئەمین، بە شێوەیەکی زانستیی وشەسازیی دابەشکردووە، سەرنجی زمانەوان دەخەینەڕوو (ئەمین، وریا عومەر ٢٠٠٩: ٢١٦).

١- دەستنیشانکردنی کەرەستە خاوەکانی (دانە سەرەکییەکان) وشەسازیی کە مۆرفێمەکان.

٢- دەستنیشانکردنی مۆرفەکان هەر مۆرفێمێك واتە بەستنی وشەسازیی بە دەنگسازییەوە.

دووەم: شەهاب طیب، سێ ئەرکی بۆ ئەرکەکانی وشەسازی دیاریکردووە. (طیب، شەهاب، ٢٠١٤: ٦٢_٦٣).

١- دەستنیشانکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە.

٢- دەستنیشانکردنی ئەرکی مۆرفۆلۆژیی کەرەستەکانی زمان.
٣- دیاریکردنی ئەلۆمۆرفێمەکانی زمان.
٤- چۆنێتیی ڕیزبوونی مۆرفێمەکان لە سنووری ڕستە و گرێدا. (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٣: ١٨).
٥- ڕونکردنەوەی فۆڕمێکی گونجاوی لێکسیکی لە سیاقێکی سینتاکسی دیاریکراو. (محەمەد، حاتم ولیا ٢٠١٩: ٣٠).

وەك لە سەرەوە خراوەیەڕوو، لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی قووڵی لە وشەسازیی ڕای جیاواز توانییان بەم شێوەیە ئەرکەکانی وشەسازی دەستنیشانبکەن، بەشێوەیەکی گشتی و پوختی خستمانەڕوو، ئەمەیش بەهای ئەم زانستە دەردەخات. کە بەلای پسپۆڕانەوە کە چەند گرنگ و بە بەهایە بۆمان دەخاتەڕوو. مەبەست لە کەرەستە خاوەکان دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چەند جۆرەکانی مۆرفێم هەیە، هاوکات سەربە کام بەشی مۆرفێمن، خستنەپاڵیەکی مۆرفەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراو دەبێت. وردبوونەوەیەکە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە. کرۆکی وشەسازیی دروستکردنی وشە و ڕێکخستنیان بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی بڕیاری لەسەر دەدرێت. بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین، ئەلۆمۆرفەکان خاوەنی قاڵبی جیاوازن، ژینگەی جیاواز ئەو تایبەتمەندییەی پێبەخشیوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی)یش، لە یەکێك لە سەرچاوەکانیدا (وشەسازیی)، باسی تایبەتمەندییەکی دیاریکردووە. سنووری مۆرفێمی لە پێکهینانی وشە و بڕگە و ڕستە و ئاخاوتن و دەقی ئەدەبیی دیاریکردووە. وەکو دەبینین زمانەوانان زۆر بە وردیی باسیانکردووە. لە دوای ئەمیش ڕێزمانووسی کورد (حاتم ولیا محمد) لە ساڵی (٢٠١٩)ی لە کتێبی (مۆرفۆلۆجی)دا چەند ئەرکێکی خستووەتەڕوو، بەڵام تەنها ئەرکێکیمان باسکردووە، کە هەندێك جار پاڵنەری پراگماتیکیی لە پشتدانانی لێکسمێکن کە لە ناو ڕستەدا دادەنرێن. سەرنجی زمانەوانان لەبارەی بوونی ئەرکەکانی وشەسازیی، کە هەموویان ئەرکە سەرەکییەکانیان هاوبەشن، بەڵام لە چەند ڕوانگەیەکیدا جیاوازن، ئاماژەمان پێکردووە. ئەمەیش گرنگی و بەهای ئەم زانستەمان بۆ دەخاتەڕوو.

**١/٦-٥) بەهای وشە لە چوارچێوەی وشەسازییدا**

زمان وشەی زۆرە، ڕەنگە ئەوانەی قسەکەر و ئاخێوەری زمانەکەن کە هەموو وشەکان تێنەگەن، لەبەر ئەوەی مەرج نییە ڕوونکردنەوەیان بۆ هەموو وشەکان هەبێت، بەڵکو ڕوونکردنەوەی وشەکان ئەرکی ئەوانەیە کە لەناو زانستی زماندا کاردەکەن.

وشە، بە بەردی بناغەی زمانە دادەنرێن، لە ئاستی وشەسازییدا ژمارەی وشەکان هەر زمانێك لە فراوانبووندایە. کۆمەڵی مرۆڤایەتیی بەردەوام لە گۆڕان و بەرە و پێشچووندایە، بیر و کەرەستەی نوێ پەیدادەبێت، زمانیش کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هاوشانی کۆمەڵ بگۆڕێت و قسەپێکەرانی بتوانن کاری خۆیانی پێ ڕاییبکەن، قسەپێکەران ناچار دەبن وشە و زاراوەی نوێ دروستبکەن. ئالۆزیی ئەم کەرەستەیە، بابەتێکی گرنگ بووە، لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا و لێکۆڵەران لە ڕوانگەی جیاواز و میتۆد و ڕێبازی جیاواز شرۆڤەیانکردووە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، ((ئەرستۆ: پێش دووهەزاروسێسەد ساڵ پێناسەی وشەی کردوو، کە وشە واتادارە و لە چەند دەنگێك پێکهاتووە، لە کاتی ڕۆنانکردنی وشە پارچەکانی واتایان نییە)). (عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری ٢٠١٣: ٩). وەك دەبینین لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە خەڵکی نەخوێندەواریش هەستیان بە بوونی گرنگیی وشە لە زماندا کردووە. هاوکات گەلێك ناساندن بۆ وشە کراوە لە ڕوانگەی ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکانەوە.

هەروەك چۆن وتراوە: ((وشە دەنگی بەتاڵ نین، بەڵکو ناوی مادەن)). (سدیق، فاروق عومەر، ٢٠١١: ٢٧). لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ناساندنی بۆ کراوە. بە دەیان جار ناساندن بۆ وشەکراوە و ناساندنەکان کەوتوونەتە بەر ڕەخنە و ڕەتکراونەتەوە. ڕێزمانی تەقلیدیی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان. بەپێی قۆناغ و زەمەنەکان ڕەتکراوەیە. ڕێزمانوسەکان دەڵێن: وشە لە دەنگە بەرزەکان دروستکراوە، بەڵام هەموو دەنگە بەرزەکان واتابەخش نین. ((وشە بریتییە لە کۆمەڵێك دەنگی بەرزی دروستکراو واتایەکدەبەخشێت)). (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٩: ١١٢). وەك دەبینرێت، کە کەموکورتیی لەئەم ناساندنەدا هەیە.

هەندێك لە پسپۆڕانی تر، بڕوایان بە تێکەڵیی ئەم ئاستە هەیە و گوتویانە: ((وشە لە دەنگێك، یان چەند دەنگێك دروستدەبن و واتا ببەخشێت، یان نەیبەخشێت)). (ئەمین، نوری علی، ٢٠١٣: ٣٣). وەك ئەوەی خراوەتەڕوو، وشەکان لە ئەنجامی کۆمەڵە دەنگێك دروستدەبن، یان ((وشە دەنگێکە، یان کۆمەڵە دەنگێکە کە پێکهاتنی فۆنۆلۆژیی واتاداری هەبێت وەکو دانەیەك لە زماندا بەکاربێت)). (فەخری، نەسرین و موکریانی، کوردستان، ١٩٨٢: ٥). لێرەدا بۆمان ڕونبووە، کە وشە لە دەنگێك، یان چەند دەنگێکە کە ڕێکدەخرین و واتایەکی نوێ دروستبکەن پێکهاتووە. بە شێوەیەکی گشتیی زمانزان لەسەر ئەوەی کە دانەیەکی گرنگ و سەرەکیی زمانە کۆکن.

وشە لە ڕۆنانی ڕاستەدا، ڕۆڵی یەکەیەك لە یەکەکانی فەرهەنگ دەبینێت و دەکرێت بەتەنها بێت، یان لابدرێت، یان زیادبکرێت، یان شوێنەکەی بگۆڕێت، تان لە سیاقدا بە وشەیەکی تر بگۆڕدرێتەوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت وشە لە ڕۆنانی ڕاستەدا، ڕۆڵی یەکەیەك لە یەکەکانی فەرهەنگ دەبینێت.

### ١/١-٥-١) تایبەتمەندییەکانی وشە

وشە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی زمان، زمانیش بەبێ وشە دروستنابێت. وەك لە پێناسەکان و بیروڕاکانی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، کە ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە لە وشە ڕوانیووە. لە لایەن خەمخۆران و پسپۆرانی زمان کوردییەوە تایبەتمەندییەکانی وشە کۆمەڵێك خاڵیان بۆ تایبەتمەندیی وشە دیاریکردوە. لێرەدا دەیانخەینەروو:

یەکەم: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بە شێوەیەکی زانستیی چەند تایبەتمەندییەکی وشەی دیاریکردووە (مارف، ئەوڕەحمانی حاجی، ١٩٧٥: ٧).

١- مانا و واتاداربێت.

٢- قەوارەی ڕێزمانیی هەبێت.

٣- هەمیشە خاوەنی دەنگ و واتا بێت.

٤- هەردەم لە ئاخاوتندا وەکو یەکەیەك لە زماندا بەکاربهێنرێت.

٥- پتر لە یەك گیرەی نەبێت.

٦- بتوانرێت لە ڕستەدا بەکاربهێنرێت.

دووەم: (فاروق عومەر سدیق)، بەشێوەیەکی گشتی شەش تایبەتمەندی بۆ وشە دەستنیشانکردووە. (سدیق، فاروق عومەر، ٢٠١١: ٢٧).

١- شێوەی فونەتیکیی.
٢- قبوڵنەکردنی دوو سترێس.
٣- بەستنەوەی تایبەتمەندیی گراماتیکیی و لێکسیکیی.
٤- دوبارەکردنەوە.
٥- سەربەخۆیی.
٦- ناولێنان.
٧- وشە لە دروستکردنی ئیدیۆمدا بەشداریبکات (طیب، شهاب، ٢٠١٤، ٧٢).

وەك لە سەرەرەوە شیکراوەتەوە، لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی قووڵی لە وشە ڕای جیاواز توانییان تایبەتمەندییەکان وشە دەستنیشانبکەن، بەشێوەیەکی گشتی و پوختی خستمانەڕوو، ئەمەیش بەهای وشە لە چوارچێوەی وشەسازییدا دەردەخات. مەبەستی لە شێوەی فۆنەتیکیی، واتە لە زنجیرەیەك دەنگێك پێکبێت. هاوکات ڕیز بوونی ئەو دەنگانە واتایەك بە وشەکە دەبەخشێت. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە وشەکان خاوەنی یەك هێزن، بەڵام ئەگەر لە هێزێك زیاتر هەبوو لە چوارچیوەی وشە دەردەچێت و لە بواری ڕستە و گرِی خۆی دەبینێتەوە. وەك دەبینرێت، وشەکان ئەو واتایە وێنەیەکی دیاریکراو لە مێشکدا دروستدەکات، بە گۆڕینی زنجیری ئەو دەنگان واتا پاش و پێش خستینت دەنگەکان، لابردنیان وشە بەرە و دوو ڕەوتی واتایی دەبات. بەهۆی تایبەتمەندیی ڕێزمان و وشەسازیی ئەو زمانە بە سەربەخۆیی و بە شێوەی دوبارە بەکاربێت و ناویانلیبنێن. وەکو دەبینین نوسەر زۆر بە وردیی باسیکردووە. دوای ئەمیش ڕێزمانووسی کورد (شەهاب طیب) لە ساڵی (٢٠١٤)ز کتێبی (دەربارەی زمانەوانی) چەند تایبەتمەندییەکی وشەی دیاریکردووە، بەڵام تەنها یەك خاڵی جیاواز بوو، کە باس لە ئیدیۆمبوون دەکات، واتە وشەیەکە، یان دەستەواژەیەکە کە واتاکەی لە کۆدی واتای چەند وشەیەکی ترەوە وەردەگیرێت و واتایەکی تازەتری دروستکردووە، بەڵام مەرج نیە هەموو وشەیەك ئیدیەم بێت.

## ١/٢) کۆباسێک دەربارەی مێژووی مۆرفێم

زاراوەی مۆرفێم یەکێکە لەئەو کۆمەڵە زاراوە گرنگانەی کە زانستی زمان بوونی هەیە، کە یەکەمجار لە لایەن زمانناس پۆڵەندی (جان باردۆین دی کۆرتینا لە ساڵی ١٨٨٠دا هێنرایە ئاراوە. بەم شێوەیە ناساندنی بۆ مۆرفێم دەکات دەڵێت: ئەو وشەی وشە کە ئۆتۆنۆمییەکی سایکۆلۆجی هەیە). (میراودەلی، کەمال، ٢٠٢١: ١٢٩)، بەم شێوەیە وەسفی مۆرفێم دەکات.

سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن تەواوی بابەتەکەمان بە دەوڵەمەندیی داڕشت، لەبەرئەوەی باسەکەمان تەرخانە بە وێستگەکانی وشەسازیی و باس لە مۆرفێم و جۆرەکانی و تایبەتییەکانی دەکەین، بە پێویستمان زانی سەرەتا کورتەیەك لەبارەی مێژوو و سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم بخەینەڕوو. ((هەر بۆیە دەبینین کە زمانەوانە بونیاتگەرە ئەمریکییەکان تیۆری (فۆنیم) یان لە ماوەی نێوانی ساڵانی (١٩٢٥- ١٩٤٥) چەسپاند. بە تێپەڕبوونی کات، زمانەوانەکان ئاڕاستەی کاریان بەرەو وشەسازیی گۆڕی. بەم شێوەیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٠- ١٩٦٠) لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژیی بووە خاڵی بنەڕەتیی. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیری مۆرفێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵە کەموکورتییانەی لە پێناسەکانی وشەدا دەرکەوت، کە زۆرییەنەی پێناسەکان نەیانتوانی چەمکی وشە لەخۆبگرن، کە ڕێزمانی تەقلیدیی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، بەڵام نەیانتوانیوە پێناسەیەکی ڕێك بۆ وشە دابڕێژن و نەزەرییەکی گشتیی لەسەر دابنێن و بکرێت بە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان)) (طیب، شهاب، ٢٠١٤: ٨٦).

زمانەوانان بیریان لە کەرەستەی بچوك کردەوە، کە بتوانن دەستنیشانی تایبەتمەندییەکان بکەن، لە سەدەی بیستەم ڕۆنانکارە ئەمریکیەکان بیری (مۆرفێم) پەیدابوو، بەئەم شێوەیە ((ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕستییە یان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت)). (محمد، شادان حەمەئەمین، ٢٠١٦: ٥)

لێرەوە دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی ئەو کەم و کورتیانەی لە پێناسەی وشەدا دەکران، هۆکارێك بوو کە بیری مۆرفێم لە لە سەرەتای چلەکاندا بیری

هاتەکایەوە، بە شۆڕشێکی گەورەی بەرەوپێشچوونی چارەسەرکردنەکانی گرفتی ناو وشەسازیی لەقەڵامدەدرێت. هاوکات بیر مۆرفێم جێگە و پێگەیەکی گرنگی هزری زمانەوانییەکاندا هەیە، لقێکی زماندا تەرخانکرادوو بۆ لێکۆڵینەوە لە (بۆ چوونە جیاوازەکانی دەربارەی مۆرفێم، جۆرەکان، هاوکات خستنەڕووی گرنگترین بنەماکانی ناسینەوەی مۆرفێم و سیما دیارەکانی بە شیوەیەکی گشتی، لێکدانەوە لە دروستە وشە و ... تاد)، لە ڕاستییدا ئەم بیردۆزە توانیویەتی بەشێکی زۆر لەو گرفتانەی کە زانستەکانی وشە چارەسەربکەن.

**١-٢/١) دیاردەی مۆرفێم لە چوارچێوەی وشەسازییدا**

زاراوەی (مۆرف) لە بواری زانستی زماندا بە زمان گۆدەکرێن و بە گوێ دەبیسرێن و بە پێنوس دەنوسرێن. مۆرفێمیش، واتە بیرێکە لە ناو مێشکدا و بە ڕواڵەت دەرناکەون. بەهۆی ئاڵۆزییەکەیەوە، هەر لە سەرەتای پەیدابوون و هاتنەئارای بیرۆکەی مۆرفێمەوە، قسەکردن لەسەر یەکەی زمان و هەوڵدان بۆ ناسینەوەی بۆچوونی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە و زمانەوانان بە تێڕوانین و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەوڵیانداەە بیناسێنن و قسەی لە بارەوە بکەن. بەهۆیی کاریگەریی ئەو ڕێباز و میتۆد و قوتابخانە زمانەوانییانە کە هەیەتی ڕەنگدەداتەوە لە بابەتەکە خستنەڕووی. ئێمەیش لێرەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی مۆرفێم لە ڕوانگەی زمانناسانی کورد و جیهانەوە دەکەین.

(مارتن)یش باسی دیاردەی مۆرفێم کردووە. دەڵێت: ((بچووکترین پێکهاتەی پڕواتایە لە دەربڕینی زمانییدا)). (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠١٣: ١٩). یان دەتوانین بڵێن: ((گچکەترین پێکهێنەری پڕواتای دەربڕوای زمانیی دابنرێت)). (مەحوی، محەمەد، ٢٠١٠: ٧). ئەم دوو توێژەرە بۆچوونیان وایە، بچوکترین پارچەی واتا داری زمانە. لە فۆنێمی جیادەکەنەوە کە بچوکترین پێکهاتەی بێ واتایە.

توێژەرێکی زمانیش زۆر بە وردی باسی مۆرفێم دەکات و دەنوسێت: ((بچوکترین پارچەی واتا داری زمانە. ئەگەر هاتوو ئەو پارچە واتاداری زمانە کرا بەدوو پارچەی ترەوە، یان تاقە دەنگێکی لێ جیاکرایەوە، ئەو کاتە هیچ یەکێکیان واتا نابەخشێ)) (هەورامی، محمد ئەمین، ١٩٧٤: ٢٣). مۆرفێمی واتادار

ئەگەر كرا بە دوو پارچەوە، واتا بنەڕەتیەكەی لەدەستدەدات. لێرەدا توێژەر بۆمان ڕوون دەكاتەوە دەنگیش گاریگەری لەسەر مۆفیێم دەبێت، هاوكات بەجیاكردنەوەی بە مۆرفێن ناوزەند ناكرێت.

هەروەك چۆن وتراوە، ((زاراوەی مۆرفێم بۆ بچووكترین یەكەی واتا بەكاردێت، كە وشە پێكبهێنێت و خۆی لە بچووكتركردنەوە نەیەت)). (فەتاح، محەمەد مەعروف، قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦، ٧). بە تێڕوانینی نوسەران دەبێت هەر دانەیەكی زمان ئەو سیمایەی تێدابێت، بۆ ئەوەی بە مۆرفێم هەژمار بكرێت. بەم پێیەیش لە ڕووی پێكهاتنەوە زۆرێك لە پێناسەكان گشتیی بوون و سنوورێكی فراوانتریان دەگرتەخۆی و جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە، كە (مۆرفێم پێویستە واتا، یان ئەركی ڕێزمانیی هەبێت) (خۆشناو، شیروان حوسێن، ٢٠١٦: ٢٢). لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە، كە دەشێت ئەو مۆرفێمانەی كە لایەنی ئەركیی، یان واتایی جیادەكرێنەوە بێنە ژێر تیشكی ئەم بۆچوونە، لەبەرئەوەی هەندێك لە مۆرفێمەكان واتایەكی فەرهەنگییان هەیە، زمانی میللەتان بەبێ ئەوان و جودیان نابێت. هەروەها بەشیكی تریان خاوەنی ئەركن و ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی وشەنامە و شارستانییدا دەبینن. دەشێت مۆرفێمەكان پۆلێنبكرێن بۆ پۆلی جیاجیایان لێدروستبكرێت، هەر یەك لە پۆلەكان بواری واتایی خۆی دروستدەكەن.

### ١/٢-٢) تایبەتمەندییەكانی مۆرفێم لە ڕوانگەی وشەسازییەوە

لەسەرەتای پەیدابوونیەوە زمانەوانان بۆ چوونی جیاوازیان دەربارەی ئەم یەكە گرنگە زمان هەبووە، بە تێڕوانین و دیدگای جیاوازەوە لە مۆرفێمیان ڕوانیوە و هەریەك لە زمانەوان گرنگیدان بە بابەتەكەداوە پێوەی جودایان، مۆرفێمیش وەكو زاراوەیەكی زانستیی خاوەنی سیما و تایبەتمەندییە، یان لە ڕیزكردنیاندا بەپێی گرینگیيان. لێرەدا هەوڵدەدەین كۆمەڵێك خاڵ بخەینەڕوو:

یەكەم: وریا عومەر ئەمین، ئەم چەند تایبەتمەندییەی مۆرفێمی دەستنیشانكردووە (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤: ١١٤-١١٦).

١- قاڵبێکی فیزیاویی هەبێت.
٢- واتایەکی هەبێت.
٣- دەورێك لە ڕێزماندا ببینێت.
دووەم: شەهاب طیب، بە شێوەیەکی ئەکادیمیی پێنج تایبەتمەندیی بۆ مۆرفێمی دیاریکردووە. (طیب، شەهاب، ٢٠١٤: ٩٢-٩٣)
١- بچوکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆژییە.
٢- ئەگەر مۆرفێمك بۆ گوتنێك زیادبکرێت، یان لابرێت واتاکەی دەگۆڕێت.
٣- مۆرفێم دەورێکی ڕستەسازیی دەبینێت. واتە بەشداریی لە پێکهێنانی ڕۆنانی ڕێزمانیی گەورەتر لە خۆیدا دەکات.
٤- مۆرفێم خاوەنی واتایە و بەوە لە فۆنێم و دانەکانی تری فۆنۆلۆژیی جیادەکرێتەوە.
٥- کەرتنەبوون بۆ پارچەی وردتر بەبێ شێواندنی واتا. (فەتاح، محەمەد مەعروف، قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦: ١١)
٦- مۆرفێم دەبێت لە ژینگەی جۆراوجۆر دوبارەببنەوە (دزەیی، عەبدولواحد موشیر، ٢٠١٣: ٣٨).

سەرەڕای ئەوەی لە بیری مۆرفێمدا چەند سیمایەکی بۆ دادەنرێت، کە لە خودی پێناسەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بوونی قاڵبێکی فیزیاویی، بە واتای بوونێکی هەستپێکراوی هەبێت و خاوەنی زمان بە ئاسانیی بیناسێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا واتاداربوونی بە ڕەگەزێکی گرنگی مۆرفێم دادەنرێت. هاوکات گرینگیەکی زۆر بە واتا پێدراوە و بەئەم جۆرە لە فۆنێم جیادەکەنەوە، چونکە فۆنێم بچوکترین یەکەی بێواتای زمانە، بەڵام بە پێچەوانەوە مۆرفێم بچوکترین یەکەی واتادارە هەرچەندە مۆرفێمەکان خاوەنی واتایەکی فەرهەنگیین، یان ئەرکێکی ڕێزمانیین، بە زیادبوونیان بۆ سەر هەر گوتنێك، یان لابردنیان واتادەکەی دەگۆڕدرێت. فۆنێمەکان بێواتان لەگەڵ زیادبوونی بۆ سەر وشەیەك واتای فەرهەنگیی ناگۆڕن. زمانەوانان لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن و بەم جۆرە مۆرفێمەکان دەستنیشاندەکەن. کەرتبوون یەکێکی ترە لە بنەمایانەی، کە زمانەوانەکان وەك پێوەرێکی بۆ ناسینەوە و

سیمای فۆرفێم دایانناوە، بنەمای کەرتبوونە بۆ پارچەی وردتر. واتە مۆرفێمەکان وەك بچوکترین یەکەت یەکەی زمانت دانراوە، کە زیاتر نەتوانرێت بچوکبکرێتەوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی)یش، لە یەکێك لە سەرچاوەکانیدا (وشەسازیی)، باسی تایبەتمەندییەکی دیاریکردووە، کە دەبێت مۆرفێمەکان لە ژینگەی جۆراوجۆر دوبارەببنەوە، بۆ ئەوەی هەر دەنگێك، یان چەند دەنگێك بە مۆرفێم هەژماربکرێت، پێویستە توانای دوبارەبوونەوەی لە نمونەی جیاجیادا هەبێت. هەندێك مۆرفێم  دێنە پێشچاو کە وەکو یەك فۆڕم دەردەکەون، بەڵام دەشێت دوو مۆرفێم، یان زیاتر بن.

لێرەوە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین، پاشخستنەڕووی گرنگتری بنەما و سیماکان مۆرفێم لە لایەن زمانەوانەکانەوە، پێمان وایە هەریەکەیان ڕێژەیەك لە گرنگیان تێدایە بۆ ناسینەوەی مۆرفێم. هاوکات هەیەکێکان پەیوەستە بەیەکەوە، چونکە ئەگەر هەر بنەمایەکیان بە تەنها وەربگرین دوور لە بنەماکانی تر ئەوا کەلێنی تێدەکەوێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە شێوەیەکی بازنەیی وەردەگرێن و تەواوکەریی یەکترن.

### ٣-٢/١) ڕێگەکانی پۆلێنکردنی مۆرفێم

خستنەڕووی پۆلێنکردنی مۆرفێم، دیارە هەر بابەتێك لە زماندا ئاڵۆز بوو، دیارە خستنەڕووی جیاوازیشی بۆ دەکرێت، ئەمەیش گەوهەرێکی بەبەهای زانستی زمانە و  لە لایەن شارەزایانەوە دەیان توێژینەوە دەربارەی دەکرێت. هاوکات پۆلێنکردنی زانستیی بۆ ئەوە دەکرێت بابەتە زانستییەکە ورد بخرێتەڕوو، لەم ڕووەوە پۆلێنی مۆرفیم دەخەینەڕوو:

((هێڵکاری ی ژماره (٢)دا پۆلێنکردنی مۆرفێم، (فەتاح، محەمەد مەعروف، قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦: ٢٨))




لە هێڵکاری ژمارە(٢)دا لەمۆرفێمەکان لەسەر بنەمای سیمانتیکی بۆ دوو پۆلی سەرەکیی پۆلێندەکرێن، هاوکات بۆ مۆرفێمیی (سەربەخۆ و بەند)ەکانە جیادەکرێنەوە. مۆرفێمە سەربەخۆکان بەتەنهایی لە فۆڕمێکی وشەدا دەردەکەون. بەڵام مۆرفێمە بەندەکان ناتوان بە تەنهایی دەربکەون بە مۆرفێمێکی تروەوە دەلکێن. لەگەڵئەوەشدا مۆرفێمە بەندەکان لەڕووی ئەرکەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی داشدەکرێن، کە بریتین لە هەردوو مۆرفێمی بەندیی (ڕێزمانیی و فەرهەنگیی) داشدەکرێن.

### ١/٢-٣-١) مۆرفێمی سەربەخۆ

ئەو مۆرفێمانەن، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەدەکەون، واتە ڕەگەزی واتاییەکەی لە یەك شێوەی سەربەخۆ وەردەگرێت. ناتوانرێت لە ئەوە زیاتر بچوك بکریتەووە، وەك: (کوڕ، ژن، جوان و ...تاد).

لە سەرچاوە زانستیەکاندا بەم شێوەیە لە مۆرفێمی سەربەخۆ دەدوێن، (( کە خۆی بە سەربەخۆ واتا دەبەخشێت)). (هەورامی، محمد ئەمین، ١٩٧٤:١١٠). لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە بە ناوەکەیدا دیارە مۆرفێمی سەربەخۆ بەو چەشنە مۆرفێمانە دەگوترێت، کە لە ڕووی دەرکەوتنەوە بە تەنها دەردەکەون، پێویستی

نییە بە پاش و پێشی ڕەگ و بناغەکەی بنوسێن، واتای تەواو بەدەستەوە دەدەن.

ئەم مۆرفێمانە، لە فەرهەنگدا بە تەنها و سەربەخۆ واتا دەبەخشن. یەکێك لە سیما دیارەکانی مۆرفێمی سەربەخۆ، ئەوەیە کە دەبنە ڕەگ و بناغە، بۆ مۆرفێمە بەندەکان، بەڵام (هیچ زمانێك ناتوانێت بە تەنها بە ڕەگ و وشەی سادە مەبەست دەرببڕێت.) (مارف، ئەوڕەحمانی، ١٩٨٧: ٣١)، وەك ئەوەی خراوەتەڕوو، زمان بە ڕەگ و وشەی سادە دەوڵەمەند ناکرێت، (سەرەڕای ئەوەیش ژمارەی لە مۆرفێمی بەند زیاترە) (حوسێن، شیروان خۆشناوی، ٢٠١٦: ٢٧). ئەم پۆلەی مۆرفێم، گەلێك جار بە مۆرفێمی ئازاد ناودەبردێت. وەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکێنەوە.

٣- چاویلکە: خەڵك لەچاویدەکەن، بۆ جوانیی، یان تەندروستیی بەکاردەهێنرێت.

٤- ددان: لای هەمووان ئاشکرایە ددان بۆ خواردن و جوین بەکاردێت، کە لە هەموو مرۆڤ و گیانداڕێکدا بوونی هەیە.

### ٢/١-٣-٢) مۆرفێمیی بەند

ئەو مۆرفێمانەن کە ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو پێویستە بەردەوام بە مۆرفێمی ترەوە بلکێنرێن، لە چوارچێوەی وشەیەکدا، هاوکات ئەو مۆرفێمانە دەگرێتەوە کە لە زماندا ئەرکی ڕێزمانیی، یان ئەرکێکی واتایی ڕادەپەڕێنن وەکو ئەوەی گوتراوە، ئەو مۆرفێمەیە کە (بە تەنها ناوترێت و واتا نابەخشێت، دەچێتە سەر وشە، یان مۆرفیمێکی تر و واتا دەبەخشێت) (عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری، ٢٠١٣: ٣٢). لە ئەمەوە دەتوانینن بڵێنن: ئەم مۆرفێمە بە تەنها واتای نییە، بەڵام لە پاڵ مۆرفێمی سەربەخۆدا واتا دەبەخشێت، وەکو: (گەر، ساز، بەند، مەند، یار، بەند و ...تاد).

وەك دەبینین لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕووی واتاوە دەکەنەوە، (کۆمەڵە مۆرفیمێکن، هەریەکەیان چەمك و واتای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەو

چەمك و واتایە دەرناکەوێت، هەتا بە بنکەیەوە دەلکێن) (حەمەئەمین، شادان، ٢٠١٦، ٢٥). کەواتە دەتوانین بڵێن: مۆرفێمی بەندیش، بەپێی واتا و ئەرکیان دەبن بە دوو جۆرەوە ئەویش: (مۆرفێمیی بەندی ڕێزمانیی و مۆرفێمیی بەندی وشەداڕێژ)ن. لە هەردوو جۆری مۆرفێمدا خاڵیی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە لە بەکارهێناندا سەربەخۆ نین و پێویستیان بە یارمەتیی وشەی تر هەیە، بۆ ئەوەی ئەرك و واتایان بە تەواوی دەربکەوێت. لەتەك ئەمەیشدا مۆرفێمی بەند ئەو دانەی زمانە، کە بە تەنها وەکو دانەیەکی سەبەخۆ دەرناکەوێت و وشەیەکی سەبەخۆ پێکناهێنێت وەکو /- ەکە، هەڵ-، نە-، - ساز و...تاد). وەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕونیاندەکەینەوە:

٥- چاویلکە+ساز= چاویلکەساز.

أ. چاویلکە: خەڵك لەچاویدەکەن، بۆ جوانیی، یان تەندروستیی بەکاریدەهێنت.

ب. چاویلکەساز: واتە ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە دروستکردنی چاویلکەکە، یان هەڵدەستێت بە چاککردنی چاویلکەکە لە کاتی شکاندنی، یان گرفتێك لە چاویلکەکەدا هەبێت.

٦- ددان+/-ساز/= ددانساز.

أ. ددان: لای هەمووان ئاشکرایە ددان بۆ خواردن و جوین بەکاردێت، کە لە هەموو مرۆڤ و گیاندارێکدا بوونی هەیە.

ب. ددانساز: لێرەدا واتاکەی تەسکدەبێتەوە و زیاتر بۆ مرۆڤ بەکاردێت، کاتێك مرۆڤ ددانی توشی نەخۆشیی دەبێت پەنا دەباتە بەر ددانساز هەتا چارەسەری ددانەکەی بۆ بکات.

**١/٢-٣-٢-١) مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی**

لقێکه له لقەکانی مۆرفێمی بەند، له زماندا چەمکێکی ڕێزمانیی دەردەبڕن و حاڵەتکی سینتاکسیی دەگۆڕن، که پەیوەندیی نێوان وشەکان ڕێکدەخەن. لەبەرئەوەی وشەکانی زمان له ناو خۆیاندا، پەیوەندییەکی هەمیشەییان هەیە. بۆ دەربڕینی هەر مەبەستێك وشەکان بەپێی دەستووری ئەو زمانه دەچنه پاڵ یەکتر و فۆڕمێکی پێویستی خۆیان پێکدەهێنێن، مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنێن.

ئەم دەسته مۆرفێمه به شێوەیەکی فراوان ئەو مۆرفێمه ڕێزمانییانەن، که زیاتر ئەرکی ڕستەسازیی بەجێدەهێنێت. ((ئەوەیه که دەچێته سەر وشه بۆ دەربڕینی پەیوەندیی نێوان وشەکان له ناو چوارچێوەی ڕستەدا)) (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤: ١٩٩). لەبەرئەوه مۆرفێمی ئەرکییان پێدەگوترێت، چونکه تەنها ئەرکی ڕێزمانیی ڕادەپەڕێنن. توێژەرێك بۆمان ڕوندەکاتەوه و دەڵێت: (دەچنه سەر وشه و حاڵەتی ڕێزمانیی جیاواز پێکدەهێنن) (مارف، ئەورەحمانی حاجی، ١٩٨٧: ٣٣). ئەم پۆلەی مۆرفێمەکان، به شێوەیەکی گشتیی که له زماندا چەمکێکی ڕێزمانیی دەرەبڕن و حاڵەتێکی سینتاکسیی وشه و فریز و ڕستەکان دەگۆڕن، واتا فۆڕمێکي نوێ به حاڵەتێکی نوێي ڕێزمانیی دەهێننەئاراوه، بەلاّم

بەئەم شێوەیه ناساندن بۆ مۆرفێمیی وشەگۆڕ دەکەین، که لقێکه له لقەکانی مۆرفێمیی بەند، به وشەکانەوه دەلکێن و شێوەیەکی جیاوازیی ڕێزمانی پێکدەهێنن. هاوکات پەیوەندیی نێوان وشەیەك لەگەڵ وشەکانی تر له چوارچێوەی ڕستەسازیی ڕووندەکاتەوه. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوه، ئەم نموونه دەیخەنەڕوو:

٧- خوێندکاران یاری دەکەن.

٨- خوێندکارێك یاری دەکات.

٩- خوێندکارەکه یاری دەکات.

وەك له سەرەرەوه شیکراوەتەوه، له نمونەکانی (٨، ٩، ١٠) خرایەڕوو، به بەڵگەوه دەیسەلمێنێت، که تەنها شێوه جۆراوجۆرەکانی خودی وشەکه پیشاندەدات، واته ئەو ئەرکه ڕێزمانییەی پێبەخشراوه. واتایەکی زیادەیشی

خستۆتە سەر وشەکە خوێندکارە، بەڵام ڕۆڵی لە گۆڕانی واتادا تا ڕادەیەکی سنوردار هەیە.

### ٢/١-٣-٢-٢) مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ

ئەو مۆرفێمانەن کە پۆلێکی فراوانن و بەشداریی لە داڕشتن و دروستکردنی واتای نوێدا دەکەن، کە دەچێتە سەر مۆرفێمی تر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، یان گۆڕینی بەشەئاخاوتنی وشەیەك، یان داتاشینی وشەیەکی تر بە واتایەکی جیاواز، ئەرکی ڕێزمانییان نییە، تەنها ئەرکی وشە بە واتای نوێوە دروستبکەن.

توێژەرێك بۆمان ڕوندەکاتەوە و دەڵێت: (ئەوانەن کە ئەرکی داڕشتن دەبینن) (عبدوڵلا، ڕۆژان نوری، ٢٠١٣: ٢٥). لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: ئەو مۆرفێمانەن کە ڕۆڵیان لە داڕشتنی وشەی نوێدا هەیە، وەکو بەشێك لە وشە نوێیەکە دەچنە ناو فەرهەنگەوە. بە واتایەکی تر مۆرفێمی وشەداڕێژ بە پێشەوەی وشەکە دەنوسێت، بە واتای تازە و بە ناوەڕۆکی نوێوە سازدەکات. توێژەرێکی زمانیش زۆر بە وردیی باسی بەندی وشەداڕێژ دەکات و دەنوسێت: (ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بە پێشی وشەوە دەلکێن، ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕن و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینن.) (مارف، ئەوڕەحمانی حاجی، ٢٠١٤: ٢٢). لە ئەمەوە دەتوانینن بڵێنن،مۆرفێمە وشەداڕێژ بە تەنها واتا نابەخشێت و بەکارناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە مۆرفێمی سەبەخۆ هەیە، بۆ ئەوەی واتاکەی دەربکەوێت. هەندێك لە زمانەوانەوانان بە (مۆرفێمی بەندی فەرهەنگیی) ناویدەبەن، بەم جۆرە پێناسەی بۆ دەکەن: ئەو مۆرفێمەیە، کە دەچێتە سەر مۆرفێمی تر، وشەی نوێ بە واتا و چەمکی تازەوە دادەڕێژن و دەروازەیەکی فەرهەنگیی نوێ بۆ وشەکە دەکەنەوە.

**((خشتەی ژمارە (١) جیاوازیی مۆرفێمی گەردانیی و مۆرفێمی داڕشتن))**

| | مۆرفێمی گەردانیی (ڕێزمانیی) | مۆرفێمی داڕشتن (فەرهەنگیی) |
|---|---|---|
| ١ | پۆلی ئاخاوتن وشەکە ناگۆڕن | پۆلی ئاخاوتن وشەکە ناگۆڕن |
| ٢ | گرینگیان بۆ ئاستی سینتاکس هەیە. | گرینگیان بۆ ئاستی سینتاکس نیە. |
| ٣ | لەڕووی گۆڕینی واتاوە، واتایی بنجەکە ناگۆڕن. | لەڕووی گۆڕینی واتاوە، واتا بنجەکە دةگۆڕن. |
| ٤ | لە ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن. | ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی فەرهەنگی دەبینن. |
| ٥ | لە ڕووی پێزەوە بە بەرهەمن. | لە ڕووی پێزەوە بەرهەمیان سنووردارە. |
| ٦ | لە ڕووی واتاوە واتایەکی ئاساییان هەیە. | لە زۆری واتاکەیان پێشبینی نەکراوە. |
| ٧ | کاتێك پێویستن، کە مرۆڤ پێویستی بە دەربڕینی حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی هەیە. | کاتێك پێویستن، کە مرۆڤ پێویستی بە ناونان و دەربڕینی چەمکی نوێ هەیە لە ژیاندا. |

# بەشی دووەم:
# واتای گیرەك لە گۆشەنیگای جیاوازەوە

## بەشی دووەم: واتای گیرەك لە گۆشە نیگای جیاوازەوە

- ٢) واتا لە گۆشەنیگای زانستەوە
- ١/٢) دیاردەی فرەواتایی لە چێوەی واتاسازییدا
- ٢ /١ -١) چەمکی گیرەك لە زانستی زماندا
- ١/٢ -٢) گرنگترین جۆری مۆرفێمە بەندەکانیش بەپێی شوێنیان بریتیین لە
- ١/٢ -٢ -١ )پێشگر
- ١/٢ -٢ -٢) ناوگر
- ١/٢ -٢ -٣) پاشگر
- ١/٢ -٣ ) پاشگرەکانی بواری پیشە لە زمانی کوردییدا
- ١/٢ -٤) پیشە کۆنەکانی زمانی کوردییدا
- ٢/٢ -١) پیشە باوەکانی نێو زمانی کوردیی
- ٢/٢ -١ -١) ڕۆڵی پاشگری /- چی/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٢) ڕ ۆڵی پاشگری /- ەوان/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٣) ڕۆڵی پاشگری /- ساز/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٤) ڕۆڵی پاشگری /- گەر/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٥) ڕۆڵی پاشگری /- دار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٦) ڕۆڵی پاشگری /- یار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -١ -٧) ڕۆڵی پاشگری /- تاش/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا
- ٢/٢ -٢) پیشە نوێیەکان لە زمانی کوردییدا

## چەند هێڵکارییەك و ئامار بوونیان هەیە بریتین لە:

•هێڵکاریی ژمارە (٤) پاشگرەکان کە کاری لەسەر کراوە

١ :ئاماری ژمارە (١) پاشگری پیشە لە زمانی کوردییدا

**٢) واتا له گۆشه‌نیگای زانسته‌وه**

**واتا، له ڕووی زمانه‌وه به واتای تێگه‌یشتن له وشه و ڕسته‌كان و ئاخاوتن و ده‌قه ئه‌ده‌بییه‌كان دێت، چونكه مه‌رجی ئه‌وه‌یه به وشه، وشه بگوترێت، به ڕسته، ڕسته به ئاخاوتن، ئاخاوتن به ده‌ق بگوترێت.**

**لێره‌وه زانستێك سه‌ریهه‌ڵداوه، كه توێژینه‌وه‌ی له واتا كردووه. كه‌واته زاراوه‌ی واتاسازییش توێژینه‌وه‌ی له واتا و جۆره‌كانی ده‌كات. زاراوه‌ی واتاسازیی ((سیمانتیك له وشه‌ی (s e m a)ی گریكییه‌وه وه‌رگیراوه، كه واتای (نیشانه و ڕه‌مز) به‌كارهاتووه، ئه‌م زاراوه‌یه بۆ یه‌كه‌م جار له لایه‌ن زمانه‌وانی فه‌ره‌نسی (میشیل بریل)ه‌وه له (١٨٨٣) به‌كارهێنراوه، دواتر وه‌كو ناوێك به‌رانبه‌ر به واتاسازیی به‌كارهێنراوه)).** (محه‌مه‌د، دارا حمید، ٢٠١٠: ١٢).

**له ئه‌م باره‌یه‌وه توێژه‌رێكی زمان ده‌ڵێت: ((واتاناسی، به‌شێكی سه‌ره‌كییه له زانستی وشه و له گشت ئه‌و مه‌سه‌له و كێشانه ده‌كۆڵێته‌وه، كه په‌یوه‌ندییان به مانای وشه‌وه هه‌یه)).**(مارف، ئه‌وره‌حمانی حاجی، ٢٠١٤، ٣٠٩) **لێره‌وه بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه، واتاسازی لقێكی زانستی زمانه، به‌گشتی له واتای وشه‌كان ده‌كۆڵێته‌وه. توێژه‌رێكتر بۆمان ڕوون ده‌كاته‌وه‌و ده‌ڵێت: ((واتاسازیی ئه‌و زانسته‌یه كه له واتای وشه‌كان ده‌كۆڵێته‌وه)).** (محه‌مه‌د، دارا حه‌مید، ٢٠١٠: ١٢). **كه‌واته ئه‌ركی واتاسازیی له بنجوبنه‌وانی (ده‌نگ، وشه، ڕسته، ده‌ق) له ڕووی واتاوه ده‌كۆڵێته‌وه. زۆربه‌ی كاتیش گۆڕانی واتاییش فره‌واتایی له واتای وشه‌كاندا هێناوه‌ته‌كایه‌وه. لێره‌یشه‌وه ده‌گه‌ینه ئه‌و ئه‌نجامه‌ی كه ((واتا لایه‌نێكی تێكڕژاوه و زۆر مه‌به‌ستی تێدا كۆبووه‌ته‌وه، ئه‌مه‌یش په‌یوه‌ندیی به قسه‌پێكه‌رانی زمانه‌وه هه‌یه. ئه‌م په‌یوه‌ندییه به‌تینه به شێوه‌یه‌كه وای له زمانه‌وانێك كردووه، واتا به دڵی زمان دابنێت)).** (محه‌مه‌د، عه‌بدوڵا عه‌زیز،١٩٩٠: ١). **واتایش دڵی زمان بێت، نوسین و قسه‌كردنیش له‌سه‌ر واتاده‌رخستنی ڕۆڵی واتایه، به‌های واتاسازییمان له زانستی زماندا بۆ ده‌رده‌خات.**

### ١/٢) دیاردەی فرەواتایی لە چێوەی واتاسازییدا

فرەواتا، زاراوەیەیی "polysemy" بەئەم فۆرمەی، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، "poly" بەمانای(فرە، زۆر) دێت و "semy" بە مانای (واتا) دێت، کە ئێستە کە زمانی ئینگلیزی بەکاردێت و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە زاراوەی (زۆرواتا، فرەواتا) ناودەبرێت.

کاتێك باسی دیاردە دەکەین، ئەم دیاردەیش وەکو وەچە تیۆرییەك بەکاردەهێنین، ئەم وەچە تیۆرییەیش کۆمەڵێك بنەمای جێگیر و بەرچاوڕۆشنکەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەك لەسەر لایەنێکی ژیانی مرۆیی بە شێوەیەکی زانستیی ئەنجامبدەین. لێرەدا واتای وشەکان بە شێوەیەکی واتاسازییانە وەکو تیۆر دانراوە و شیکردنەوەی ناوە پیشەییەکانی پێدەخەینەڕوو. فرەواتا؛ دیاردەی گۆڕانی واتایە لە واتایەکی تایبەتەوە بۆ واتایەکی گشتیی، دیاردەیەکە سوود بە زمانەکە دەبەخشێت. زاراوەی (فرە) لە بواری زانستی زماندا لە دانەیەك زیاتر دەگرێتەوە، فرەواتایش پێکەوە، واتە وشەیەك چەند واتایەکی هەبێت، یان زیاتر لە واتایەکی هەبێت، چونکە وشەکان هەمیشە لە پێداویستییە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگە کەمترن، هیچ وشەیەکیش نییە (بەدەگمەن هەیە) تەنها یەك واتای هەبێت، بەڵکو بە ڕێککەوتن و هاوڕێیەتیی وشەکانی دەوربەری لە دەق و ڕستە و فرێز و وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا زیاتر لە واتایەکیان هەیە و واتا جیاوازەکانی وشەیەکیش تێگەیشتنی زیاترمان بە چێوەی وشەکان و بەکارهێنانیان پێدەدەن.

فرەواتا (polysemy) ((وشەیەکە چەند واتایەکی هەبێت)). (مەحوی، محەمەد، ٢٠٠١: ١٩٥)، یان دەتوانین بڵێین: ((فرەواتاییەکەی هۆکاری زۆری هەیە، چونکە واتا تەنها چشت و بابەت و بەدواداچوونی زانستی زمان نییە، بەڵکو ژیربێژەکان و زانایانی دەرونیی و کۆمەڵناسیی و تیۆریی زانستی هێما – زمانییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکەن)). (مەحوی، محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٦). لێرەدا بڵێین: وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانیان لە بنجەوە لە یەك نزیکن. واتە وشەیەکی زمان، یان وشەیەکی فەرهەنگی زمان جگە لە واتا بنجییەکەی خۆی بە تێپەڕبوونی کات چەند واتایەکی تر دەبەخشێت.

واتا و زاراوەی فرەواتایی فراوانن و قسەلەسەرکراون، هەر ئەم توێژەری زمانە بە وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان و وەرگێڕانی زاراوەکانیش بۆ سەر زمانی کوردیی، ئاماژە بە دیاردەی فرەواتایی وشەکان و فرەواتایی زاراوەی واتایش دەدات. بۆ نموونە:

١-واتا ــ گەل، یان گەلە

٢- ئاماژەبەندیی

٣- ناوەڕۆك

٤- واتا

دەکرێت یەك وشە گەلە واتا و ئاماژەبەندیی و ناوەڕۆك و واتای سادە و گشتیی هەبێت، ئەمەیش دیاردەی فرەواتاییە لە زماندا و سەلماندنی ئەوەیە، زمان و وشەکانی زمان فرەواتان و زیاتر لە واتا و مەبەستێك بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان دەبەخشن. ئاڵۆزیی واتا لە بواری زانستی زماندا توێژینەوەی زۆر لەسەر کراوە.

## ٢/١-٦) چەمکی گیرەک لە زانستی زماندا

چەمکی گیرەك لە زانستی زماندا، زاراوەی (گیرەك) لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە بە ئەم شێوەیە دروستبووە، لە ناوی کرداری (گیرکردن)ەوە، وەرگیراوە و ڕەگەکەی (گیر)ە، دواتر پاشگری (ەك) خراوەتەسەری و (گیرەك) دروستکراوە. لە ڕووی واتاییەوە مەبەست ئەو زیادەیەیە کە دەخرێتە سەر بناغەیەك و وشەیەکی نوێ بە واتای نوێوە دروستکردووە.

زمانەوانێك زیاتر چەمکی گیرەکمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ((هەرچەندە واتای وشە لە ڕەگدا کۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێت تەنها بە ڕەگ مەبەستەکانی خوی بپێکێت)). (مارف، ئەوڕەحمانی حاجی، ١٩٧٧: ٣١). زمان بۆ ئەو مەبەستە پەنادەباتە بەر هاوکاری گیرەکەکان بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە وشە، کە هەڵگری واتا و مەبەستی تازەن، بەڵام ڕادە و چەندیی پەنابردنە بەر ئەو گیرەکانە بەپێی جۆری زمانەکە دەگۆڕێت.

زاراوەی 'گیرەك' لە زمانی کوردییدا بەرانبەر (Affixe)ی زمانی ئینگلیزیی بەکارهاتووە، کە ئەو مۆرفیمانەن، یان ئەو پێشگر و ناوگر و پاشگرانەن کە بەسترابن بە مۆرفیمێك، یان چەند مۆرفیمێك، واتا ((گیرەك ئەو مۆرفێمە بەندەیە کە بە شێوەیەکی سەربەست دەرناکەوێت و بە تەنها واتا نابەخشێت، بەڵکو بە جۆرەکانی تری مۆرفێمەوە (ڕەگ/ قەد/ بناغەوە بەندە و لەگەڵ ئەواندا بەکاردەهێنرێت. وەکو {-گەر}، {-ەکە}، {-ساز})). (محەمەد، حاتم ولیا، ٢٠١٩: ٧٢)، واتە مۆرفێمە بەندەکان بە ئەوە دەناسرێن کە لە پێش، نێوان، یان پاش بناغەوە بەکاردێن.

گیرەکەکانیش وشەی سەربەخۆ بوون و بەپێ گۆڕانی ژیان و پێشکەوتنی دونیای دەرەوەی زمان، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لە ئەنجامدا ئەو فۆڕمانەی ئێستایان وەرگرتووە، هاوکات هەموو گیرەکەکان مۆرفێمن و ناتوانرێت بە یەك جۆر پۆلینبکرێن، ((واتای وشە لە ڕەگ کۆدهبێتەوە، بەڵام هیچ زمانیك ناتوانێت تەنها بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێت، لە کاتێکدا ڕەگ وەکو مۆرفێمێك مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کە زیاتر بەپیی شوێن، لە دابەشبوونی مۆرفێمەکان هاتووەتەبەرهەم، دوای لا بردنی هەموو مۆرفێمە لکاوەکان (گیرەك)، زمان بۆ ئەم مەبەستە گیرەك بۆ بنیاتنانی ژمارەیەکی زۆر لە وشە بەکاردەهێنێت، کە واتا و مەبەستی تازەیان تیدا کۆدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کەم و زۆریی ئەم گیرەکانە بەپێی جۆری زمانەکە جیاوازە و دەگۆڕێت)). (ڕەشید، معرووف فەتاح، ٣١١٢: ٦٢). گیرەك بە هەموو شێوەکانیەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە بەکارناهێنرێت، شێوەیەك لە شێوەکانی گیرەك بۆ نموونە، پاشگر ڕۆڵی زیاتر لە دروستکردنی واتای نوێ دەگێڕیت.

## ٢-١/٢) گرنگترین جۆری مۆرفێمە بەندەکانیش بەپێی شوێنیان بریتیین لە:

### ١-٢-١/٢) پێشگر

چەمکی پێشگر لە زانستی زماندا، لە زاراوەی (پێشگر) لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە بە ئەم شێوەیە دروستبووە، کە زاراوەکە لێکدراوە لە (پێش) بە واتای ئەوەی کە بە سەرەتای بناغەوە دەلکێن، لە کرداری (گرتن)ەوە، وەرگیراوە

و ڕەگەکەی (گر)ە، دواتر (پێشگر) دروستکراوە. لە فۆڕم لە ڕوانگەی و واتاوە وشەکە دەگۆڕێن.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بە سەرەتای بناغەوە دەلکێن، فۆڕمێکی نوێ دروستدەکەن، پێشگر ((ئەو مۆرفێمەیە کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی وشە و دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکە لە ڕووت فۆڕم و واتاوە.)) (عەبدوڵڵا، رۆژان نوری، ٢٠١٣: ٢٧) وەك لە پێناسەکان و بیروڕاکانی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، کە پێشگر یەکێکە لە مورفێمە بەندەکان، لە پێشی بناغە، یان ڕەگی وشەوە دەبن، وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت، یان باری ڕێزمانیی وشەکە دەگۆڕن. وەکو لە ئەم نموونەدا دەیخەینەڕوو:

یاسای ڕێرمانیی: گیرەك+ بناغە

٩- /نەو-/ + رۆز = نەورۆز.

أ. رۆز: بە واتای ڕۆژ دێت.

ب. نەورۆز: بە واتای ڕۆژێکی نوێ دێت، هاوکات مانگێکی کوردییە، بە سەرەتای ساڵنامەی کوردیی دادەنرێت.

١٠- /ڕا-/+هینان = ڕاهێنان.

أ. هێنان: بە واتای هێنانی شتێك بۆ لای خۆت، یان کەسێکی تر بەکارهاتووە.

ب. ڕاهێنان: واتای فەرهەنگییەکەی دەگۆڕێت، بە واتای کەسێك ڕاهێناندەکات، هەتا فێری بابەتیك دەبێت، یان یاریزانێك کە ڕاهێنان و مەشقدەکات. (حەسەن، سەروەر سوارە، ٢٠٢٢/٢/١٥)

١١- /دە-/+نوسین = دەنوسی.

أ. نوسین: بە واتای پیتخستنەسەرکاغەز، یان ئامرازێکی دەربڕین هاتووە، بەهۆی کەرەستەکانەوە کە لە منداڵییەوە فێردەبیت.

ب. دەنوسێت: بە واتای کەسێك لە ئێستادا بابەتێك بنوسێت.

١٢- /ب-/+چوون = بچم

أ. چوون: بە واتای لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕۆیت.

ب.بچم: پرسیار و گفتوگۆی نێوان دوو کەس پیشاندەدات، لەسەر بابەتێك کە بچێت، یان نەچێت بۆ شوێنک، واتە چاوەڕێی بەرانبەرەکەی دەکات.

### ٢/١-٢-٢) ناوگر

به ناوەکەیدا دیارە، دوو چەمك به یەکەوە دەبەستنەوە. هەر وەك زانایەکی کورد لەبارەیەوە دەڵێت: ((ناوگر واتایی و ئەرکیی و جودیی نییە، کە لە ناو ڕەگەکەدا دەردەکەوێت)). (ئەمین، وریا عمر ٢٠٠٤:١١٩). واتە ڕەگی وشەکە بە دوو بەشەوە دەکەن و دەچنە نێوان هەردوو بەشەکەوە، بەڵام لە زمانی کوردییدا ئەم چەشنە گیرەکە نابینرێت.

### ٢/١-٢-٣)پاشگر

چەمکی پاشگر لە زانستی زماندا، زاراوەی (پاشگر) لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە بە ئەم شێوەیە دروستبووە، کە زاراوەکە لێکدراوە لە (پاش) بە واتای لکاو دێت، لە کرداری (گرتن)ەوە، وەرگیراوە و ڕەگەکەی (گر)ە، دواتر (پاشگر) دروستکراوە. لە ڕووی فۆڕم و واتاوە وشەکە دەگۆڕێت.

توێژەرێك بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (( پاشگر بەئەو مۆرفێمە دەوترێت کە بە کۆتایی بناغە وشەوە دەلکێت، دەبێتە هۆی گۆڕینی وشە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە.)) (عەبدوڵلا، رۆژان نوری، ٢٠١٣: ٢٧). لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، هەمیشە لە ڕووی شوێنەوە دواوەی بناغە دەگرن و فۆڕمێکی ڕێزمانیی نوێ دروستدەکەن و ئەرکێکی ڕێزمانیی بەجێدەهێنن. وەکو نیشانەی ناسراویی و نەناسراویی و کۆ و... تاد. گرنگیی پاشگر تەنها بۆ زمانەوان نەبووە، بەڵکو شاعیران سوودیان لێوەرگرتووە، ((کە بۆ دروستکردنی سەروا پەنایان بۆ بردووە، ئەمە لە سەروای شیعری کلاسیك و جووتسەروادا بە ڕوونیی دەبینرێت)). (خۆشناو، شیروان حوسێن، ٢٠١٦: ٨٧).

نا چار ب درکەتم ژ خانی

نا گەه مه خوه دی ل ڤی مەکانی

(مەم وزین)

واتا گیرەکێکە، لە دوای بناغەوە بەکاردێت و وشەیەکی نوێ، یان بارێکی ڕێزمانیی نوێ دروستدەکات. وەکو لە ئەم نموونەدا دەخەینەڕوو:

یاسای ڕێزمانیی: بناغە+گیرەك

١٣- داد+/-وەر/ = دادوەر.

أ. داد: بە واتای نەکردنی جەور و ستەمنەکردن دێت.
ب. دادوەر: پیشەیەکی زانستییە، بە شیوەیەکی دڵسۆزانە کار بۆ چەسپاندنی یاسا دەکات و چارەسەری کێشەی خەڵکی دەکات.

١٤- کرێ+/-کار/ = کرێکار.

أ. کرێ: بڕە پارەیەکە، کە بەرانبەر بە ئەنجامدانی کارێك دەدرێت.
ب. کرێکار: پیشەیەکی ئازادە، واتە کەسێك کە ڕۆژانە کاردەکات و بژێویی ژیانی خۆی و خێزانی لەسەر دابیندەکات.

١٥- دار+/-تاش/ = دارتاش.

دار: بە واتای لقی گەورەی درەخت کە لێیبووبێتەوە.
ب. دارتاش: ناوێکی پیشەیە، بۆ کەسێك دەگوترێت کە لە دار و تەختە کەرەستەی جۆراوجۆر دروستبکات.

## ٢/٦-٣) پاشگرەکانی بواری پیشە لە زمانی کوردییدا

ئەگەر لە مێژووی هەر گەلیك بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە خاوەنی شارستانییەتی خۆیانن و لە ڕووی کەلتورەوە دەوڵەمەندن، کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی جیهان و لەسەر خاکی کوردستان لە ڕووی کەلتورییەوە زۆر دەوڵەمەندترە و خاوەنی شارستانییەت و پیشەسازیی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵگەش بۆ ئەو کەلوپەلی کە لە بەرد دروستکردووە و دواتریش لە ماددە کانزاییەکانی وەك مس و ئاسن چەندین کەرەستەی جۆراوجۆری کە لە ئەشکەوت و گوندی چەرمۆ دۆزاونەتەوە، کە ئەوانە بە سەرەتای دەستپێکی پیشەسازی دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا بەردەوامبوون لە ژیان پێویستی بە کار و ئیشکردنە، زمانی کوردیی لە بواری پیشەدا زۆر فراوانە، خاوەنی وشە و زاراوەی خۆیەتی و ڕۆژانە بۆ ڕاپەڕاندی کاروبارەکان بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە

له بواری: (کشتوکاڵی، ئەندازیاریی، پزیشکیی، میکانیکیی، بازرگانیی، سەربازیی و...تاد).

مەبەست لە مۆرفیمەکانی پیشە، هەموویان پاشگر دەگرێتەوە، کە دەچنە سەر بنکەی جیاجیا و چەمکی (ئیشوکارێکی تایبەت، یان شارەزایی و لێهاتوویی خاوەن_پیشەکە دیاردەخەن) (شوانی، ڕەفیق، ٢٠١١: ٨١). ئەم پۆلە مۆرفیمە بە زۆریی لە ڕووی چەمکی گشتییان کە بە سیمای (پیشە)دیاریدەکرێت هاوبەشن. بەمەیش دەبێتە سیمایەکی سەرەکیی لە نێوانیاندا، بەڵام هەریەکێکیشیان سیمای تایبەتی خۆی هەیە.

لێرەوە دەتوانین بڵێن، چەپکێك مۆرفێمن، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵیان لە زەنگینکردنی گەنجینەی وشەکانی زمان و پڕکردنەووی پێداویستی ئاخێوەرەی کورد زماندا هەیە. هاوکات ئەم پۆلە لە مۆرفێمی بەند دەتوانن لە بناغەی جیاوازز هەڵبژێرن و واتای نوێ داڕێژنەوە

## ٢/٦-٤) پیشە کۆنەکانی زمانی کوردییدا

گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردەیەکی مێژوویە، گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کۆمەڵگا لە حاڵەتی گۆڕانی بەردەوامدایە، بە جۆرێك هیچ کۆمەڵگەیەك نییە لە بارودۆخێکی جێگیر و وەستاودا بێت بەر گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەکەوتبێت بۆیە گۆڕان ڕێگەی لێ ناگیرێت، سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی گۆڕانکارییە، خێرای گۆڕانکاریەکان، خێرای گۆڕانەکان وای کردووە بەردەوام ئێمە کە گشت بوارەکاندا ئاگاداری گۆڕانکاری یان گەواهیدەری بین، گۆڕانیش مەبەستمان گۆڕانێکی هەمەلایەنەیە کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە. بەتایبەی بواری پیشەی کە گەلێك پیشەی جۆرا و جۆری لە ناو کورد دا بوونی هەبووە بەڵام بە هۆی ئەو دیاردەی نوێ سەرهەڵدەدا و لێوان لێوە لە داهێنان و گۆڕانکاری هزریەکان، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە پەیدابوون هاتنەکایەی پیشەیی نوێ هەیە. گەلێك پیشە لەناو چوون یان لە مان و نەماندان. وەك (هەلاجی، مسگەر، چەخماخساز، کاروامچی، شیرگەر، کورەچی، حەمامچی، عەتار، ناڵبەند، کلّکار، خومچی و ...تاد) لێرەدا کۆمەڵێك لە ئەو پیشە کۆنانە شی دەکەینەوە:

١٦- كاروان+/- چی/ = كاروانچی

أ. كاروان: واتایەكی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیّ هەیە، لێرەدا واتاكەی تەسكدەبێتەوە، كە بۆ ناوێكی تایبەتیی كوڕ بەكاردێت.
ب. كاروانچی: ناوی پیشەكە، بۆ كەسێكە كە كەلوپەك لە نێوان دوو وڵات، یان دوو شاری دوور لە یەك دەگوێزێتەوە، بە بەردەوامیی هاتوچۆی هەیە. (علی، بێستون ئەبوبەكر، ٢٠٢٢/٢/٢٠)

١٧- مس+ /- گەر/= مسگەر

أ. مس: جۆرە مادەیەكە لە زەویدا دەردەهێنرێت، لە ڕێگەی ئاگرەوە گەلێك كەرەستەی پێدروستدەكرێت.
ب. مسگەر: ئەو كەسەیە، كەرەستەكانی كە لە مس وەك (مەنجەڵ، سینی، تەشت، تاوە، كەوگیر، جام و... تاد) كە دروست دەكرد. بەڵام ئەم پیشەیە بەهۆی پێشكەوتن و كەرەستە نوێیەكانەوە بەرەولەناوچوون چووە

١٨- شیر+ /- گەر/=شیرگەر

أ. شیر: بەواتای (شمشێر وخەنجەر) هاتووە، كە كەرستەیەكی شەركردنە لە سەدەكانی ڕابردوودا، یان بۆجوانكاری پیاوان بەكاریان هێناوە.

ب. شیرگەر: ئەو كەسە بوو كە خەنجەری دروستئەكرد. ناوەكەشی لە (شیر بە واتا شمشێر)ەوە هاتووە. تا كۆتایی سییەكانی سەدەی ڕابردووش خەنجەر كردن بە بەر پشتێنی جلی كوردیوە دیاردەیەكی باوبوو. هاوكات چەند خەنجەر چەند هەیە، بەڵام ئیستە تەنها بۆ بۆنەكانە كوردەواریەكان بەكاردەهێنرێت. (اسماعیل صالح عبدالله، ٢٠٢٢/٤/٩)

١٩- موتاب+ /- چی/= موتابچی

أ. موتاب: لێرەدا بەواتای ڕستن و چنینی موو هاتووە. ئەم واژەیە فارسیە و بەهۆی كاریگەری بازرگانیەوە بۆ ناو زمانی كوردیی هاتووە.

ب. موتابچی: ئەو کەسەیە، کە مووی بزنی لە ئیشەکەیدا بەکارئەهێناووە، وەك (گوریس، قەیاسە، خەرار) لێ دروستئەکرد. کە پیشەیەکە لە ئیستەدا بوونی نەماوە. (فارس، سەعدە حمەسەعید، ٢٠٢٢/٥/١٨)

٢٠- چەخماخ+/-ساز/ = چەخماخساز

أ. چەخماخ: لە بنەڕەتدا واتای تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ چەك و تفەنگ بەکاردێت.

ب. چەخماخساز: پیشەیەکی ئازاد سازدەبێت، واتا ئەو کەسەی کاری چاککردنەوەی تفەنگ و دەمانچە و داگرتنەوەی (واتە پڕکردنەوەی قەوان بە باررووت) فیشەك بووە. (صالع، علی حمەامین، ٢٠٢٢/٣/١)

ئەم پیشانەی کە لە نموونەی(١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١) لە (أوب)دا، ڕوونکراونەتەوە پیشە کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردیی بوون. بەهۆی پێشکەوت و داهێنان و کەرستەکانی دونیای دەرەوەی زمان ئەم پیشانە بەرە ولەناوچوون یان جەنگی مان و نەمان دەکەن. هاوکار زمانیش وەك دیاردەیەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و گۆڕانکارییە کانی نێو کۆمەڵ بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان، یاخود لە جولاندایە. جووڵەش بە ئاراستەی جووڵەی کۆمەڵ و ئاخێوەرەکانی لە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەدان، چونکە بەچالاکی و گەشە تاك و کۆمەڵ دادەنرێت.

## ٢/٢-١) پیشە باوەکانی نێو زما نی کوردیی

سیمایەکی گرنگ و بنەرەتی زمانی مرۆڤ، بریتیە لە توانای داهێنان و وشەی نوێ دروستبکات. هاوکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخاوتن و بەردەوانیدا بە پرۆسەی پەیوەندییکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێکانی ژیاندا. هەریەك لەئەم لەڕوانگەیەشەوە ئاخێوەرانی زمان بەردەوام لە هەوڵدان بوونە بۆ دروستکردن و داهێنان و ناونانی کەرەستە و دیاردە و بیری بوێ و بە وشەی زمان. لەبەرئەوەی ئاخێورەکانی زمانی بەهۆی ئەو پێشهاتانەوە گەلێك پیشەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە یان دروستبووە هاتووەتە ئاراوەو، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە ناو کوردا بەربڵاون، کاریان پێدەکەن. هاوکات (پاشگرە)کان دەستبیشان دەکەین کە پیشەکانیان دروستکردووە. لێرەدا کۆمەڵێك پاشگری پیشەی دەخەینەڕوو:

((هێڵکاریی ژماره (٤) پاشگرەکان کە کاری لەسەر کراوە))




## ٢/٢-١-١) ڕۆڵی پاشگری -/ چی/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا

چەندیین ڕێگە بۆ وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەیە. یەکێك لە ڕێگە باوەکان بریتییە لە (پاشگر). پاشگر: واتە لە دوا و پاشی وشەیەکەوە دێت و گۆڕانکاریی واتایی بەسەر بناغەی وشەکەدا دەهێنێت و وشەی نوێ دروستدەکات. دەتوانین بڵێین لە وشەیەك وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێت. وەکو: (بۆیاخچی، جامچی، تەنەکەچی، لەحیمچی، کارەباچی، جاڕچی، کەڵەکچی، چایچی، پینەچی، کوشنچی، ساختەچی، ئاژاوەچی، کڵاوچی و...تاد). وەکو لە ئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕونیاندەکەینەوە.

٢١- بۆیاخ+/-چی/ = بۆیاخچی.

أ. بۆیاخ: مادەیەکە بۆ بۆیەکردنی قژ، قۆنەرە، خانوو بەکاردیت.

ب. بۆیاخچی: ناوی پیشەکە، بۆ کەسێکە کە بۆیاخچییە، لە ناو ئەم پیشەدا ڕەنگەکان ئامادەییان هەیە.

لێرەدا پاشگرەکە واتای وشەکەی لە (مادە) بۆ (پیشەی بازرگانیی) گۆڕیوە.

٢٢- فاڵ+/- چی/ = فاڵچی.

أ. فاڵ: کردارێکە کە ڕوداوەکان تێیدا پێشبینییدەکرێت، لە ڕووی ئاینی ئیسلامەوە یاساغ و قەدەغەیە.

ب. فاڵچی: پاشگرێکی پیشەیی پەروەردەیی و دەرونیی سازدەکات، بۆ کەسێکە کە فێڵ لە خەڵکیی دەکات.

لێرەدا پاشگرەکە واتای وشەکەی لە (ڕوداو) بۆ (پیشەیەکی پەروەردەیی و دەرونیی) گۆڕیوە.

**٢٣- چای+/- چی/ = چایچی**

أ. چای: مادەیەکە کە خەڵکیی بۆ خواردنەوە بەکاریدەهێنن و ئارامیی بە مێشك دەبەخشێت.

ب. چایچی: ناوی پیشەکە، بۆ کەسێکە کە خواردنەوەیەکی گەرم پێشکەشی خەڵکیی دەکات.

لێرەدا پاشگرەکە واتای وشەکەی لە (خواردنەوە) بۆ (پیشەیەکی پیشەی بازرگانیی) گۆڕیوە.

**٢٤- قاچاخ+ /- چی/= قاچاخچی**

أ. قاچاخ: بەواتای کەلوپەلێك بە دزییەوە دەفرۆشرێت، هاوکات بە دژی یاساکانی وڵاتە دادەنرێت.

ب. قاچاخچی: ناوی پیشەکە، ئەو کەسەیە کە کەل و پەل بە شیوەیەکی نایاسای دەفرۆشیت، بەڵام لە ئێستەدا زیاتر بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بگواسنەوە.

لێرەدا پاشگرەکە واتای وشەکەی لە (دیاردەیەکی نایاسای) بۆ (پیشەیەکی نایاسای) گۆڕیووە. وەك لە سەرەرەوە شیکراوەتەوە، لە نموونەکانی (٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤) (أ و ب)دا، خراوەتەڕوو، پاشگری /-چی/ لە هەریەك لە ئەو نموونانەدا واتایەکی هەیە، ئەمەیش هۆکارێکە وامان لێدەکات لە پاشگر زیاتر وردببنەوە، کە یەکێکە لە ئەو مۆرفێمە چالاك و بەرهەمدارەکانی ناوی خاوەن پیشە لە ئیستای زمانەکدا. وەکو دەبینین ئەم پاشگرە فرەواتایە، لە کاتێکدا وشە و واتای جیاواز دەبەخشێت، لە بواری پیشەی جیاوازی وەکو (بازرگانیی، میکانیکیی و...تاد) بەکارهاتووە. هاوکات بەتواناترین مۆرفێمە لە گەیاندی چەمکی پیشە، کە هەریەك سیمای واتای (خاوەنی پیشە، فێلکردن و هەڵخەڵەتاندن، لێزانین، دروستکردن، خاوەنی پیشە و... تاد) بە فەرهەنگی زمان دەبەخشێت.

## ٢/٢-١-٢) ڕۆڵی پاشگری /- ەوان/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا

یەکێکە لە مۆرفێمە بەتواناکان لە گەیاندنی چەمکی پیشەدا، هاوکات ئەم مۆرفێمە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەدا دێت، کە لەبواری ئاژەڵداری و پیشەی کشتوکاڵیدا بەکاردایە. بەڵام لە سەردەمەی زمانەکەماندا بۆ داڕشتنی چەند زاراوەیەك لە بواری جیاوازدا سودی لێبینراوە. بەڵام چەند ئەلۆمۆرفێکی تری بۆ جیادەکرێتەوە، بەهۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە، فۆڕمی ئەم گیرەکە دەبێت بە /- وان/ بە تایبەتیی ئەگەر هات و وشەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت. وەکو: (کارەوان باژێڕوان، گۆلکەوان، پاکەوان، توتنەوان، قازەوان، کەشەوان، زمانەوان، پاسەوان، مەلەوان، شاخەوان، باخەوان، گاوان، دەریاوان، ڕەزەوان و...تاد). وەکو لە ئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕونیاندەکەینەوە.

٢٥- کەش+/- ەوان/ = کەشەوان.

أ. کەش: دۆخە، بە واتای دیاردەیەکی سروشتیی بەکارهاتووە.

ب.کەشەوان: بە واتای پیشەی زانستییە کە ئەزموونی دەوێت، لێرەدا کە پێشبینیی کەشوهەوا و دۆخەکان دەستنیشاندەکات.

کەواتە پاشگری /-وان/ واتای وشەکەی لە (دۆخی سروشتیی)ەوە بۆ (پیشەیەك لە بواری جوگرافیا) گۆڕیووە.

٢٦- زمان+/- وان/ = زمانەوان.

أ. زمان: بوونێکی سروشتییە و هەموو تاکێك خاوەنیەتی و ئاخاوتنی پێدەکات، کەرەستەیەکی مادییە.

ب.زمانەوان: ئەرکی شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاکەکانی کۆمەڵ لەئەستۆدەگرێت بە شێوەیەکی زانستیی، کە پێویستی بە خوێندنی چەندیین ساڵ هەیە. (علی، بێستون ئەبوبەکر، ٢٠٢٢/٢/٢٠)

کەواتە پاشگری /-وان/ واتای وشەکەی لە (دیاردەی سروشتیی)ەوە بۆ (پیشەیەکی زانستیی) گۆڕیووە.

**٢٧- پاس+/- ەوان/ = پاسەوان.**

**أ. پاس: واتە پارێزگار، چاودێرییکردن لە کەسێک، یان شتێک.**
**ب. پاسەوان: بە واتای پیشەیەك دێت، کە پارێزگاریی لە کەسێک، یان شوێنێك دەکات.** (صالع، علی حمەامین، ٢٠٢٢/٣/١)

**کەواتە پاشگری /-وان/ واتای وشەکەی لە (کردار)ەوە بۆ (پیشەی سەربازیی) گۆڕیوە.**

**٢٨- گا+/- وان/ = گاوان.**

**أ. گا: واتەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جۆرێکی ئاژەڵ دەگرێتەوە.**
**ب. گاوان: واتا فەرهەنگییەکەی دەگۆڕێت، بۆ ناوی پیشەکە، کەسێکە گا و ڕەشەوڵاخ دەلەوەڕێنێت.**

**کەواتە پاشگری /-وان/ واتای وشەکەی لە (ئاژەڵ)ەوە بۆ (پیشەی ئاژەڵداریی) گۆڕیوە. لەڕوانگەی ئەم زانیاریانەوە لەسەرەوە، وەکو لە نموونەکانی (٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨) (أ و ب)دا شیکراوەتەوە، پاشگری /-ەوان/ لە هەریەك لە ئەو نموونانەدا واتایەکی هەیە، کە نیشانەی فرەواتایی دەردەخات، ئەمەیش یەکێکە لە هۆکارەکان وامان لێدەکات لە پاشگر زیاتر بخەینەڕوو. کە کە یەکێکە لە ئەو مۆرفێمە چالاك و بەرهەمدارەکانی ناوی خاوەن پیشە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم پاشگرە چالاکە، بەڵام بە زۆریی لەگەڵ ناودا بەکاردێن. هەریەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە خستمانەڕوو، سیمای واتای؛ (دروستکردن، خاوەنی پیشە، ئەزموون، شارەزایی، پسپۆڕ، پاراستن، کارامە و... تاد)ی بەخشیوە و لە بوارەکانی (سەربازیی، زمانەوانیی، کشتوکاڵیی و... تاد) بەکارهاتووە.**

## ٣-١-٢/٢) ڕۆڵی پاشگری /- ساز/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا.

**ئەم مۆرفێمە ڕۆڵی لە سازکردنی ناوی پیشە لە زمانی کوردییدا هەیە، هۆکارێکە کە وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان زیادبکات. واتای نوێ و فۆڕمی نوێمان بۆ دروستدەکات، هاوکات پێشچوونە سەر پاشگرەکە پۆلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، پاش چوون ەسەری پاشگرەکە پۆلەکەی دەگۆڕدرێت. وەکو: (چەخماخساز، وشەساز، پەیکەرساز، بیناساز، ددانساز، ڕەخنەساز، دەرمانساز،**

زاراوەساز، فلیمساز، واتاساز، چاکساز و...تاد). وەکو لە ئەم نموونانەی خوارەوەدا شیدەکرێنەوە.

٢٩- دەرمان+/- ساز/= دەرمانساز

أ. دەرمان: بەواتای ئەو مادەیەی کە بە کەست نەخۆش دەدرێت، بەمەبەستی چاکبوونەوە.

ب. دەرمانساز: ناوێکی پیشەیەکە، بۆ کەسێکە کە دەرمان دروست بکات، یان بە نەخۆشی بدات. هاوکات ئەم پیشەیە پێویستی بە خوێندنی چەندین ساڵ هەیە.

لێرەدا پاشگرەکە واتاکەی لە (ماد)ەوە بۆ (پیشەی دکتۆریی) گۆڕیووە.

٣٠- وشە+/-ساز/ = وشەساز.

أ. وشە: بچووکترین دانەی زمانە، کە بە گۆکردن، یان نوسین دەردەبڕرێت.

ب. وشەساز: پیشەیەکی زانستییە، واتە کەسێك بە شێوەیەکی زانستیی لە چەمك و زاراوەی نویٚ دەکۆڵێتەوە. (حەسەن، سەروەر سوارە، ٢٠٢٢/٢/١٥).

لێرەدا پاشگرەکە واتاکەی لە (وشە)ەوە بۆ (پیشەی زانستیی) گۆڕیووە.

٣١- پەیکەر+/-ساز/ = پەیکەرساز.

أ. پەیکەر: خەڵکیی پەیکەر دروستدەکەن، بۆ ئەوەی شیوەکانیان لە بیرەوەرییاندا بمێنێتەوە.

ب. پەیکەرساز: لێرەدا پیشەیەکی هونەریی سازدەبێت, واتە ئەو کەسەیە کە پەیکەر دروستدەکات.

لێرەدا پاشگرەکە واتاکەی لە (کەرەستە)ەوە بۆ (پیشەی هونەریی) گۆڕیوە.

٣٢- بینا+/-ساز/ = بیناساز.

أ. بینا: لێرەدا ئەم وشەیە فرەواتایە، چەند واتایەکی هەیە، وەکو تیژیی چاو، خانوو کە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێدەبێت.

ب. بیناساز: پیشەیەکی ئەندازیاریی سازدەبێت، واتا فەرهەنگییەکەی دەگۆڕێت، واتە کەسێکە کە خانوو و باڵەخانەکان دروستبکات.

لێرەدا پاشگرەکە واتاکەی لە (بنین، خانوو)ەوە بۆ ( پیشەیەکی ئەندازیاریی) گۆڕیوە. وەك لە سەرەرەوە شیکراوەتەوە، لە نموونەکانی (٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢) لە (أ و ب)دا خراوەتەڕوو، پاشگری /-ساز/ لە هەر یەك لە ئەو نموونانەدا واتایەکی هەیە، کە چەمکی فرەواتان، ئەمەیش هۆکارەکە کە وامان لێدەکات ئەم پاشگرە بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژێرین. کە یەکێکە لە مۆرفیمە داڕێژەرەکانی ناوی خاوەن پیشە، بەڵام لە ڕووی چالاکییەوە، بەرهەمدار نییە و تا ڕادەیەك پاشگرێکی سستە کە ڕۆنانی وشەی نوێدا، هەرچەندە لە ئیستای زمانی کوردیشدا بە هۆی ئەم گیرەکەوە توانراوە کە بواری زاراوەسازییدا سودی لێوەربگیرێت و چەند زاراوەیەك سازبکرێت. هاوکات دەتوانین بڵێین کە ئەم پاشگرە لەگەڵ ناودا بەکاردێن. هەریەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە خستمانەڕوو سیمای واتایی (دروستکردن، خاوەن_پیشە) دەبەخشێت، لە بواری (ئەندازیاریی، هونەریی، بازرگانیی و... تاد) لە خۆدەگرێـت.

## ٢/٢-١-٤) ڕۆڵی پاشگری /- گەر/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا

ئەم مۆرفێمە لە زمانی کوردییدا بە شێوەی سەرەکیی دادەنرێت، لە گەیاندنی چەمکی پیشە کە دەچنە سەر وشەیەك واتایەکی جیاواز دەبەخشێت. بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتادا لەگەڵ ناوی چەند کانزایەك هاتووە و خاوەنپیشەی گەیاندووە، بەڵام لە ئیستادا بە تێپەڕبوونی کات بناغەی چەند ناوێکی تر بەکاردەهێنرێت. هاوکات ئەم پاشگرە لەگەل بناغەیەکی کە ئاوەڵناو یان ناوێکدا یەکدەگرێت. وەکو: (جادووگەر، ڕۆژنامەگەر، کیمیاگەر، مسگەر، سۆفیگەر، خێڵگەر، نوێگەر، زێڕینگەر، ئاسنگەر، دادگەر، کارگەر و...تاد). وەکو لە ئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕونیاندەکەینەوە.

٣٣- ڕۆژنامە+/ - گەر/ = ڕۆژنامەگەر.

أ. ڕۆژنامە: بە واتای هەموو ڕۆژێك نامەیەك بنوسیت.

ب. ڕۆژنامەگەر: لێرەدا پیشەیەکی زانستیی سازدەبێت، واتە کەسێك کە بە شێوەیەکی زانستیی نامە دەنوسێت، هەموو بوارەکانی ژیان دەرگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا واتای فەرهەنگیی وشەکەی لە (نوسین)ەوە بۆ (پیشەیەکی زانستیی) گۆڕیوە.

**٣٤- جادوو+/ - گەر/ = جادووگەر.**

**أ. جادوو: ڕوداوێکە، کەسی تێدا هەڵدەخەڵەتێنرێت و بۆ ترساندنی خەڵکیش بەکاردێت. ئەو کەسانە ئەم کارە دەکەن، کە ئیمانیان لاوازە، ئەو مرۆڤەیشی بڕوای پێدەکات لە چوارچێوەی ئیسلام دەردەچێت.**

**ب. جادووگەر: پیشەیەکی پەروەردەیی و دەرونییە، بۆ کەسێکە کە جادووبکات و لەپێناو پارە فێڵ لە خەڵکیی بکات.**

**لەگەڵ ئەوەیشدا واتای فەرهەنگیی وشەکەی لە (ڕوداو)ەوە بۆ (پیشەیەکی پەروەردەیی و دەرونیی) گۆڕیوە.**

**٣٥- کیمیا+/ - گەر/ = کیمیاگەر.**

**أ. کیمیا: زانستێکە دەربارەی تێکەڵکردن و لێکجیادەکردنەوەی مادەکان لێکۆلینەوە دەکات.**

**ب. کیمیاگەر: زانای بواری کیمیایە، مادەکان و شیکردنەوە و دروستکردنی بە شێوەیەکی زانستیی، ئەمە پێویستی بە خوێندنی چەندیین ساڵ هەیە.**

**لەگەڵ ئەوەیشدا واتای فەرهەنگیی وشەکەی لە (مادە)ەوە بۆ (پیشەی زانستیی) گۆڕیووە.**

**٣٦- ئاسن+/ - گەر/ = ئاسنگەر.**

**أ. ئاسن: جۆرە مادەیەکە لە زەویدا دەردەهێنرێت، لە ڕێگەی ئاگرەوە گەلێك کەرەستەی پێدروستدەکرێت.**

**ب. ئاسنگەر: ئەم پیشەیە یەکێکە لە پیشە باوەکان، وەستا کورەیەکی گەورە گەرمدەکەن و ئاسنەکەی تێدا گەرمدەکەن، دواتر لەسەر دەزگای پۆڵا دایدەنێن، بە چەکوشی لێیدەدەن و ئەو شتەی لێدروستدەکەن، کە مەبەستیانە، وەکو (داس و داسولکە و تەورداس و...تاد).**

**لەگەڵ ئەوەیشدا واتای فەرهەنگیی وشەکەی لە (مادە)ەوە بۆ (پیشەی پیشەسازیی) گۆڕیووە. لەڕوانگەی ئەم زانیاریانەوە لەسەرەوە لە نموونەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦) لە (أ و ب)دا خراووەتەڕوو، پاشگری/-گەر/ لە هەر یەك لە ئەو نموونانەدا واتایەکی هەیە، کە واتە چەشنێکی فرەواتایە، وەك گیرەکێك لەگەڵ**

دەیان بناغەی وشەی جیاوازیدا ناوی پیشەی دروستبکات. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە زۆر چالاکە نییە، یەکێکە لە مۆرفێمە کەمتواناکانی ناوی پیشە، بەڵام بە زۆریی لەگەڵ (ناوی کانزا) بەکاردێن (عەبدوڵا، ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ٣٤). هەر یەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە خستمانەڕوو سیمای واتاییەکەی (دروستکردن، خاوەن_پیشە، پێشبینیکردن، داهێنان) لە بواری (بازرگانیی، پیشەسازیی و...تاد) بەکارهاتووە.

## ٥-١-٢/٢) ڕۆڵی پاشگری /- دار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا

ئەم مۆرفێمە یەکێکە لە مۆرفێمە فەرهەنگییەکان کە بۆ سازکردنی ناوی پیشە بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەیشدا فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات. لە ئەم نموونانەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەڵگری واتای خاوەنێتیی و هەبوون دەدات، نەك پیشە. وەکو: (بەهرەدار، دوکاندار، ئاژەڵدار، سەرمایەدار، مەڕدار، چەکدار و... تاد). وەك لە خوارەوە شیکراوەتەوە.

٣٧- دوکان+/- دار/ = دوکاندار.

أ. دوکان: ژوورێکە کە (خۆراک، جلوبەگ و...تاد) تێدا دەفرۆشرێت.
ب. دوکاندار: واتای پیشەیەکی ئازاد سازدەبێت، کەسانێکن لە دوکاندا شت دەفرۆشن، کە داهاتی مادیی دەستەبەردەکەن. (محمود، چیمەن صدیق، ٢٠٢٢/٤/١).

لێرەدا ئەم پاشگرە واتاکەی لە (شوێن)ەوە بۆ (پیشەیەکی بازگانیی) گۆڕیوە.

٣٨- ئاژەڵ+/ - دار/ = ئاژەڵدار.

أ. ئاژەڵ: بە واتای مەڕوماڵات هاتووە.
ب. ئاژەڵدار: لێرەدا پیشەیەکی ئازاد سازدەبیت و کەسانێکن کە مەڕوماڵات بەخێودەکەن و خاوەنی سامانی تایبەت بە خۆیانن.

لێرەدا ئەم پاشگرە واتاکەی لە (ئاژەڵ)ەوە بۆ (پیشەی ئاژەڵداریی) گۆڕیوە.

٣٩- بەهرە+/- دار/ = بەهرەدار.

أ. بەهرە: تایبەتمەندییەکە لە هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام بە شێوەی جیاواز، مەرج نییە هەموو کەسێك پەرە بە بەهرەکەی خۆی بدات.

ب.بەهرەدار: واتای خاوەندارێتیی دەبەخشێت، ئەو کەسەیە کە تایبەتمەندییەکی هەیە و خستوویەتییەڕوو، جیاوازە لەوانەی تر واتە بەشێکی باش کە خودا بە کەسێکی دەبەخشێت.

لێرەدا ئەم پاشگرە واتاکەی لە (ناوەکی)ەوە بۆ (دەرەکیی) گۆڕیوە.

٤٠- چەك+/- دار/ = چەكدار.

أ. چەک: بە واتای ئامڕازێکە کە لە ئاسن دروستدەکرێت، کە بۆ کوشتن و شەڕ بەکاربهێنرێت.

ب. چەکدار: بە واتای ئەو کەسەی کە چەکیان لەشانە، کە بەرگریی لە خۆی بکات.

لێرەدا ئەم پاشگرە واتاکەی لە (ئامێر)ەوە بۆ (پیشەی سەربازیی) گۆڕیوە. وەکو لە نموونەکانی (٣٧، ٣٨ ،٣٩، ٤٠) لە (أ و ب)دا خراووەتەڕوو، پاشگری/-دار/ لە ئەم نموونانەی سەرەوە کە خرانەڕوو فرەواتان، ئەم دیارە یەکێك لە ئەو بەڵگانەی کە دەمانبات سەلماندنن کە (مۆرفیمی (دار) لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، لە ڕووی فۆرمەوە بە دوو شێواز دەبیندرێت، یەکێکیان وشەیەکی سادەی واتادارە و لە فەرهەنگی زماندا تۆماردەکرێت، کە بە واتای ئە و دارە دێت، یان ناوێکی خاوەن پیشەی دروستدەکات.) (https://www.kurdipedia.org). لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم پاشگرە لە بواری (بازگانیی، پیشەسازیی، سەربازیی و...تاد) بەکاردەهێنرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە زۆر چالاکە نییە، یەکێکە لە مۆرفێمە کەمتواناکانی ناوی پیشە. هەر یەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە خستمانەڕوو سیمای واتایی (خاوەندارێتیی، خاوەن_پیشە، ئەزموون) دەگەیەنێت.

**٢/٢-١-٦) ڕۆڵی پاشگری /-یار/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا**

چەشنە مۆرفمێکە لە زمانی کوردییدا کە ناوی پیشە دروستدەکات. زۆر کات بە ڕەگی کردارەوە دەنوسێت، چونکە توانایەکی کەمی هەیە. لە ئەم نموونانەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت. وەکو: (کڕیار، جوتیار، فرۆشیار، پەرستیار، گەشتیار و... تاد). وەك لە خوارەوە شیکراوەتەوە.

٤١- جوت+/- یار/ = جوتیار.

أ. جووت: لە کۆندا دوو ئێستر، یان گا بەکاردەهێنرا، کە زەوییان پێدەکێڵان، بەڵام ئیستا مەکینە بەکاردەهێنرێت.

ب. جوتیار: پیشەیەکی کشتوکاڵیی سازدەبێت، بە واتای کەسێك کە ساڵانە جوتبکات، لە دانەوێڵە و پاقلەمەنیی دەچینێت و داهاتی ڕۆژانەی خۆی پێدابینبکات.

لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵی واتای ئەم پاشگرە لە (کردار)ەوە بۆ (پیشەی کشتوکاڵیی) گۆڕیوە.

٤٢- گەشت+/- یار/ = گەشتیار.

أ. گەشت: واتایەکی گشتگیری هەیە، گەڕان و چوونەدەرەوە و سەیران دەگرێتەوە.

ب. گەشتیار: خودی کەسەکەیە کە گەشتەکە دەکات، کە بەردەوام گەشت بۆ شار و وڵاتان دەکات، بە کەلتورەکەی شارەزادەبێت.

لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵی واتای ئەم پاشگرە لە (ناوی کردار)ەوە بۆۆ (ناوی کەس) گۆڕیوە.

٤٣- فرۆش+/- یار/ = فرۆشیار.

أ. فرۆش: ڕەگی کرداری (فرۆشتن)ە وەرگیراوە، بە واتای کەلوپەلفرۆشتن دێت.

ب. فرۆشیار: لێرەدا پیشەیەکی ئازاد سازدەبێت، کەسێکە کە کەلوپەلی دەفرۆشێت، بژێویی ژیانی دابیندەکات. (محمود، چیمەن صدیق، ٢٠٢٢/٤/١).

لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵی واتای ئەم پاشگرە لە (کردار)ەوە بۆ (پیشەی بازرگانیی) گۆڕیوە.

٤٤- پەرست+/-یار/ = پەرستیار.

أ. پەرست: ڕەگی کرداری (پەرستن)ە وەرگیراوە، بە واتای پەرستن هاتووە، لە ئاینەکاندا پەرستن بە شێوەی جیاجیا دەکرێت.

ب. پەرستیار: بە واتای پیشەیەکی دکتۆریی، کە ئەرکی ئەوەیە یارمەتیی نەخۆش بدات، چاودێرییبکات. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستی بە خوێندنی چەند سالێك هەیە.

لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵی واتای ئەم پاشگرە لە (پەرستن)ەوە بۆ (پیشەیەکی دکتۆریی) گۆڕیوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، لە نموونەکانی (٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤) لە (أ و ب)دا خراوەتەڕوو، پاشگری/-یار/ لە هەر یەك لە ئەو نموونانەدا چەشنێکی فرەواتاییە، لە ڕوانگەی واتاوە زۆر چالاکە و سستن نییە، یەکێکە لە مۆرفێمە کەمتواناکانی ناوی پیشە، کە بەردەوام بە ڕەگی کارەوە دەنوسێت. هەر یەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە سیمای واتایی {لێزانین، خاوەن_پیشە} دەگەیەنێـت، لە بواری (بازرگانیی، دکتۆریی و...هتد) بەکارهاتووە.

## ٢/٢-١-٧) ڕۆڵی پاشگری /- تاش/ لە دروستکردنی وشەی نوێدا

بە یەکێك لە گیرەکەکانی سازکردنی ناوی پیشە لە زمانی کوردییدا دادەنرێت. لە ڕەگی کرداری (تاشین) وەرگیراوە، چونکە لەبەرئەوە توانایەکی کەمی هەیە و لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت. وەکو: (سەرتاش، دارتاش، بەردتاش و ... تاد).

٤٥- سەر+/- تاش/ = سەرتاش.

أ. سەر: ئەندامێکی لەشە کە لە مرۆڤ و گیانداردا بوونی هەیە.

ب. سەرتاش: واتای پیشەیەکی ئازاد سازدەبێت، خەڵك بۆ سەرچاکردن بۆ لای سەرتاش دەچن.

دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە واتای وشەکەی لە (ئەندامێکی لەش)ەوە بۆ (پیشەیەکی بازرگانیی) گۆڕیوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، لە نموونەکانی (٤٥) لە (أ و ب)دا خراوەتەڕوو، پاشگری/-تاش/ لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەم دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا پاشگرێکی فرەواتایە، هاوکات دەتوانین بڵێین کە ئەم پاشگرە ناچالاکە. هەر یەك لە ئەو نموونانەی سەرەوە خستمانەڕوو، سیمای واتایی (خاوەن_پیشە، ئەزموون، شارەزایی، لێزانین) دەگەیەنێت، لە بواری (بازرگانیی و... تاد) بەکارهاتووە.

**٢-٢/٢) پیشە نوێیەکان لە زمانی کوردییدا**

**شۆرشی زانستی و تەکنەلۆجی لە بنەڕەتدا لە پێناو بەختەوەریکردنی مرۆڤ و بەرپابووە، واتە بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە تاوەك و جوانی و خۆشی بە ژیان ببەخشیت و مەینەتیی و نەهامەتیەکانی جیهانی مرۆڤایەتی نەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەیشدا زمان وەك دیاردەیەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و گۆڕانکارییە کانی نێو کۆمەڵ بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان، لە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەدان، چونکە بەچالاکی و گەشە تاك و کۆمەڵ دادەنرێت. لەبەئەوەی زمان وەك پێڕەوێکی دەنگیی و واتایی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات و لەگەڵ گەشەی شارستانیەتیی و بوارە جیاجیاکانی ژیان و تەکنەلۆژیادا فراواندەبێت. هۆکارێکە کە کۆمەڵێك پیشەی نویٚ بۆ ناو زمانی کوردیی هاتنەئارای. نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر لە ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییەکانیدا لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و مانەوە و بەردەوامیی لە ژیاندا، زمان بەکاردەهێنێت.**

**٤٦- یوتوبەر (YouTube)** (غەفور، ئاوارە، ٢٠٢٢/٣/٢٧)

**أ. یوتوب** (ناو)**: ناوی وێبسایتێکە کە ڕێگە بە خەڵك دەدات، ئەو ڤیدیۆیانەی کە تێدایە تەماشابکات**

**ب. یوتوبەر: لە ناو کورددا پیشەکەی نوێیە، کەسێکە کە زۆر جار وێبسایتی یوتوب بەکاردەهێنێت، بە تایبەتیی کەسێکە کە ڤیدیۆکان لەسەر وێبسایتەکە دروستدەکات و بڵاویدەکاتەوە.**

**٤٧- ئاسایش (Security)**

**أ. پارێزراو** (فرمان)**: واتە کەسێک، یان شوێنك لە مەترسیی دەپارێزیت.**

**ب.ئاسایش** (ناو)**: پیشەکەی نوێیە، بە واتای پاراستنی کەسێك، شوێنك هاتووە.**

**٤٨- یاریکەر (Gamer)**

**أ. یاری** (ناو)**: چالاکییەکی دڵخۆشکەر، یان وەرزشێک، بە تایبەتیی ئەوەی کە منداڵان یارییانکردووە، یان ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستن بۆ ئەم چالاکییە.**

ب. گەیمەر (ناو): پیشەکەی نوێیە، کەسێك کە یاریدەکات، بە تایبەتیی کۆمپیوتەر، یان مۆبایل، یان ڤیدۆی یاریکردن و ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە.

٤٩- کاشێر(Cashier)

أ. کاش (ناو): پارەی کاغەز، ئاسن بە خاوەن_کار بدرێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ب. کاشێر (ناو): پیشەکەی نوێیە، ئەو کەسەیە کە کڕیارەکان پارەدەدەن و لە دوکان و مۆڵەکان کاردەکەن.

٥٠- بەڕێوەبەر (Adm In) (غەفور، ئاوارە، ٢٠٢٢/٣/٢٧)

أ. بەڕێوەبەر (ناو): کورت بۆ بەڕێوەبردن، چالاکییەکانی بەشدار لە بەڕێوەبردن، یان ڕێکخستنی بازرگانیی، یان ڕێکراوێکی تر دەکات.

وەك لە سەرەوە خراوەتەڕوو، ئەم پیشە تەکنەلۆیانە، زۆر بەیان لە زمانی (English) هاتووتە ناو زمانی کوردییەوە، هەندێکیشان بۆ زمانی کوردی وەرگیراوە.

**((ئاماری ژماره (١) پاشگری پیشه له زمانی کوردییدا))**



## ئەنجام

١- مۆرفیمی ڕێزمانیەکان، لەڕووی چالاکی و ناچالایکەوە ناتوانرێت بەراورد بکریت، لەبەر ئەوەی چالاکیان وەستاونەتە سەر بەکارهێنانی لە لایەن ئاخێوەری زمانەوە، بۆ دەربڕینی حالەتە ڕێزمانییەکان لە ئەم ڕوانگەیەوە ئاخێوەر ناتوانێنت دەستبەرداری ئەم جۆرە مۆرفێمە بێت.

٢- مۆرفێمی وشەی داڕێژەکان، لە چالاکیاندا بۆ دروستکردنی وشەی نوێ جیاوازیان هەیە، هەندێکیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری وشەدا یەکدەگرن و وشەی نوێ دادەڕێژن بە وێنەی پاشگری (ەوان) یەکێکە کە پاشگرە چالاکەکان بواری پیشەی وەك (زمانەوان)، بەڵام هەندێکیان بە پێش بناغەوە دەلکێن وەك پێشگری (نەو) یەکێکە لە ئەو پێشگرانەی کە ناوی (نەورۆز) پێکدەهێن.

٣- بەشی دووهەمی توێژینەوەکە ئەوە دەسەلمێنێت، کە زمان پەنادەبات بۆ گیرەکەکان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە دروستبکەن، چونکە هەڵگری واتا و مەبەستی تازەن کاریگەریان دەبێت لەسەر ئەوەی کە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەندبکات.

٤- گیرەکەکان، فرەواتان دەچنە سەرمۆرفێمکی سەربەخۆ لە پۆلی جیاواز ناویی پیشە دروستدەکەن، بۆ نموونە پاشگری (گەر) ناوی پێشەیەکی (زانستی، پیشەسازی، دەروونی و پەروەردەی و ...تاد) دروستدەکات.

٥- هەندێك لە پیشە کۆنەکان لە ئێستادا نەماون، ئەویش بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرە و پێش چوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، هاتنی ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەو پیشانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون. وەك (هەلاجی، حەمامچی، کاروانچی، چەخماخساز، موتابچی و ... تاد).

٦- گەیشتین بە ئەوەی لە ئێستادا کۆمەڵێ پیشەی باو هەن لە ناو کۆمەڵدا کە زیاتر گرنگیان پێ دەدرێت، لەوانەش (قاچاخچی) کە لە ئێستادا گەنجانی وڵاتمان زیاتر ڕوو لە تاراوگە دەکەن. پەنادەبەن بۆ ئەو خاوەن کارە کە (قاچاخچیانە) بۆ ئەوەی ڕێگایەکی سەلامەت و دروستیان بۆ هەڵبژێرێت، لەئەو پیشە باوانەی تر کە ئێستا بوونیان هەیە. وەک (چایچی، بۆیاخچی،

زمانەوان، دەرمانساز، وشەسازو ... تاد). کە زمانەوانی و وشەسازی زیاتر پەیوەستن بە مامۆستاوە تایبەت تر مامۆستای زانکۆ دەگرێتەوە.

٧- هەندێك پیشەی ترمان هەیە پۆلەکانی وشە دەگۆڕن، بە شێوەیەك لە بنەڕەتەوە گۆڕانکاری بەسەر بناغەی وشەکەدا دەهێنن، بۆ نموونە (ئاسنگەر) لە بنەڕەتدا (ئاسن) ماددەیەکی ڕەقە، بەڵام کە پاشگری (گەر) دەچێتە سەر (ئاسنگەر) ئەبێتە ناوی پیشە واتا ئەو کەسەی کە ئیشی ئاسنگەری دەکات و دیزاینی بۆ دەکات، لەو نموونانەی تریش (کیمیاگەر، جادووگەر، ڕۆژنامەگەر، مسگەر و ... تاد). هەموو ئەم نموونانە واتای فەرهەنگی وشەکە لە (مادده)وە بۆ (پیشەی پیشەسازی) دەگۆڕن ، هەروەها ئەوەش ڕوون بۆیەوە کە پاشگری (گەر) فرەواتایە، چونکە لە هەریەکێك لەئەو نموونانە واتایەکی نوێ دروستدەکات.

٨- هاوکات ئەوەش خراوەتە ڕوو پاشگری (دار) و (یار) و (تاش) بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر بناغەی وشەکە دەبێت و واتای نوێمان پێ دەبەخشێت، هاوکات واتای بنەڕەتی وشەکە بۆ پیشەی جیاواز دەگۆڕێت. وەك (چەکدار، بەهردار، ئاژەڵدار، دوکاندار، پەرستیار، فرۆشیار، گەشتیار، جوتیار، سەرتاش و ... تلاد).

٩- لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا بۆمان دەرکەوت، بە ئامارێکسەلماندومانە کە پاشگری (چی) چالاك لەگەڵ چەندین وشەی نوێ بە فەرهەنگی زمان دەبەخشیت و پۆل و بواری جیاجیادا، وەك (بۆیاخچی، فاڵچی و ...تاد)، هەروەها کۆمەڵێك پاشگر لە زماندا بووبی کە هەیە، کە لە ڕەگی کردارەوە وەرگیراون و وشەی نوێ سازدەکەن، وەك پاشگریی (تاش) کە لە چەند نموونەیەکی کەمدا دەبنیرێت، وەك (سەرتاش، دارتاش).

١٠- کۆمەڵێ پیشەی ئەلیکترۆنی بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە و بە واتای خۆی وەرمانگرتووە، لەئەو پیشە نوێیانەش بریتین لە(YouTube ,Cashier ,Secuirety) واتە تەکنەلۆجیا کاریگەری لەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان هەیە.

## سەرچاوەکان

### کتێبەکان

١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٨)، وشەو ڕۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپی دووەم
٣- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، فەرهەنگ زاراوە زمانناسی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.
٤- حاتم ولیا محمد (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، هەولێر
٥- دارا حەمید محمد (٢٠١٠)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
٦- ڕەفیق شوانی (٢٠١٤) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم،دەزگای هەواڵ، هەولێر.
٧- ڕۆژان نوری عەبدوڵا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی.
٨- سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٣)، پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٩- سەعید کەرەمیی (١٩٣٦) ،وشەناسی زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)، پەخشانگای زانستگای کوردستان.
١٠-شەهاب شێخ طیب (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی ناردین، هەولێر.
١١-شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦)، توانای مۆرفێنی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی ستنتاکسیدا، چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
١٢- عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر.
١٣- فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٤ - کەمال میراودەلی (٢٠٢١)، فەلسەفەی زمان و زماننناسی کوردیی،چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەك .

١٥ - محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆ سلێمانی، سلێمانی.

١٦ - محەمەدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆکۆژی کورد)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٧- محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨ - محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١٩ - نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب زانکۆ سەلاحەدین، هەولێر.

٢٠ - نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

٢١- هەورامانی (١٩٧٤)، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٢٢- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٣- ویسف شریف سعید (٢٠١٣)، وشەسازی، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

**نامەکان**

٢٤- شادان حمە امین محمد (٢٠١٦)، پەیوەندیە واتایەکانی ناو مۆرفێمی بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

٢٥- عەبدوڵا عەزیز محەمەد (١٩٩٠)، گۆڕانی واتا، نامەی ماجستەر، زانکۆیی سەلاحەدین، هەولێر.

## گۆڤار

٢٦ -پاكیزە ڕەفیق حلمی (١٩٧٥)، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم.

## ئینتەرنێتەكان

٢٧- https://www.kurdipedia.org

٢٨- https://youtu.be/mTlboyPvVdM

## چاوپێكەوتنی زانستی بۆ (زانیاریی لە سەر باباتەكان)

٢٩- ئاریان صدیق عەزیز: ٢٠٢١/١١/٢٧.

٣٠- بێستون ئەبوبەكر على: ٢٠٢٢/٢/٢٠.عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ١١/١٢/ ٢٠٢١.

٣١- عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ١١/١٢/ ٢٠٢١.

## چاوپێكەوتنی مەیدانی بۆ ( داتا وشە و زانیاریی لەسەر وشەكان)

٣٢- ئاوارە غەفور: ٢٠٢٢/٣/٢٧.

٣٣- چیمەن صدیق محمود: ١ /٢٠٢٢/٤.

٣٤- سەروەر سوارە حەسەن: ٢٠٢٢/٢/١٥.

٣٥- سەعدە حمەسەعید فارس، ٥/١٨/ ٢٠٢٢.

٣٦- على حمە امین صالح: ٢٠٢٢/٣/١ .

٣٧- صالح عبداللە اسماعیل، ٢٠٢٢/٤/٩.

## کورتەیەک لە  توێژینەوەکە

## (بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی)

## Summary

This research is entitled ender the (the role of affix in creating a word in a Kurdish language for instance affix of occupation’s name, It is one of the most important subjects in the field of vocabulary and is considered a branch of linguistics. It shows how words are formed through consonants, especially those used for occupation. This study is divided into two sections.

The first part is more theoretical and looks at past work on the subject.  Then we have discussed vocabulary from different perspectives from a linguistic point of view. We highlighted phorphemes and their properties at the end of this section. What is particularly important in this section is that the differences between grammatical and cultural morphemes are presented in points.

Part Two, the majority of the issues in this section are practical, and we have included examples for the text. We started by talking about semantics. The creation of words using prefixes and suffixes was then demonstrated.

Finally, certain scientific findings have been reached. One of the findings is that clauses and plurals create distinct morphemes in various occupational noun classes.

## ملخص الدراسة

خصصت هذه الدراسة لعنوان "دور معنى المجموعة في خلق الكلمة الكردية "اسم المهنة" والتي تعد من أهم الموضوعات في مجال المفردات وتعتبر فرعا من فروع علم اللغة. يشير إلى كيفية إنشاء الكلمات من خلال المقاطع، خاصة تلك المستخدمة للمهنة.

تتكون الدراسة من جزأين، الجزء الأول أكثر نظرية ومراجعة لما تم القيام به في الماضي. ثم تحدثنا عن صناعة الكلمات من وجهات نظر لغوية مختلفة من وجهة نظر لغوية، وفي نهاية هذا القسم أكدنا على الشكل وخصائصه. ما له أهمية خاصة في هذا القسم هو أن قواعد اللغة ومورفية القاموس قد أظهرت اختلافاتها مع النقاط

الجزء الأول هو أكثر نظرية ومراجعة لما تم القيام به في الماضي حول هذا الموضوع. ثم تحدثنا عن صناعة الكلمات من وجهات نظر لغوية مختلفة من وجهة نظر لغوية، وفي نهاية هذا القسم أكدنا على الشكل وخصائصه. ما له أهمية خاصة في هذا القسم هو أن الأشكال النحوية والقاموس يتم تقديمها مع نقاط الاختلاف.

الجزء الثاني، جلب هذا القسم مواضيع أكثر عملية ونموذجية إلى موضوعنا. تحدثنا في البداية عن المعنى والمعنى. ثم ذكرنا إنشاء الكلمات من خلال البادئة والتكميلية .

أخيرا، مع مجموعة من النتائج العلمية، واحدة من النتائج هي النتائج العالقة، وتذهب الجموع إلى مورفولوجيا مستقلة في فئات مختلفة باسم المهنة